# بازرگانیو پیشەسازی

http://www.sulcci.com

ڕۆژنامەیەکی ئابورییە ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بڵاویدەکاتەوە | ژمارە 22    2023-1-16



ڕیکلام



بۆ یەکەم جار لە سلێمانی
مۆدێرنترین پرۆژەی نیشتەجێبون
0770 727 7070
چوار ڕیانی سەرچنار، تەنیشت دادگای سلێمانی
گراند بولێڤارد
پارکی نێرگز




"هیچ شتێک لەم دنیایەدا بەئەندازەی سلێمانی لام خۆشەویست نیە"

16 »

ئەندازیارێکی سلێمانی دیزاینی ئۆتۆمبێل دروستدەکات

13 »





# "سەرۆک بافڵ پشتیوانی تەواو لەبوژانەوەی بازاڕی سلێمانی دەکات"

2 »

## ناجێگیریی نرخی دۆلار

4 »

## سەرۆک وەزیرانی عێراقو سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی کۆبوونەوە

3 »

## حەمید عەبدوڵا، ئەندامی ئەنجومەنی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی:

# ئێمە هێشتا لەکۆبونەوەکەدا بووین کە کاک بافڵ کێشە گەورەکەی بازاڕی دراوی بۆ چارەسەر کردین



ئا: بازرگانیو پیشەسازی

**ئەندامێکی ئەنجومەنی کارگێڕی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی کە بەشداری کردووە لەکۆبونەوەی بازرگانانی بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراوو جگەرو زێڕ، دەڵێت "من بەحکومی ئەوەی ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕی ژووری بازرگانیو پیشەسازیمو ماوەیەکی زۆریش سەرۆکی ئەنجومەنی بازاڕی دۆلارەکە بووم، بەشداری دەیان کۆبونەوەم کردووە، بەڵام تاکو ئێستا کۆبونەوەی وەک ئەم کۆبونەوەیەمان لەگەڵ کاک بافڵ بەسوودو کاریگەریم نەبینیوە، ئێمە هێشتا لەکۆبونەوەدا بووین کێشە گەورەکەی مەبەستمان بوو بۆ چارەسەر کردین".**

حەمید عەبدوڵا فەرەج، ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕی ژوور بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند "ئێمە نزیکەی ٢٧ بازرگانی دراوو بازاڕی جگەرەکەو زەڕەنگەران سەردانی کاک بافڵ تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانمان کرد، پێشتریش سەردانی کاک قوبادمان کرد بوو، گللەییو داواکارییەکانمان گەیاندبووە جێگری سەرۆکی حکومەت، بەڕێزیان بەشێکی زۆر لەکێشەکانی بۆ چارەسەر کردین، کاتێک کاک بافڵ ئاگاداری کێشەکانمان بوو، داوای لێکردین سەردانی بەڕێزیشیان بکەین، ئێمەش هەر ئەو بازرگانانەی سەردانی کاک قوبادمان کرد بوو، لەگەڵ ژمارەیەک بازرگانی دیکە سەردانی کاک بافڵمان کرد، بەڕێزیان پێیوتین: چ کێشەو داواکارییەکتان هەیە بەئازادانەو ڕاشکاوانە باسی بکەن، ئێمەش زۆر بەڕاشکاوانە کێشەو گرفتو داواکارییەکانمان خستەڕوو، ئەوەی لای کاک بافڵ باسمان کرد باوەڕ ناکەم تاکو ئێستا لای هیچ بەرپرسێک بەو جۆرە بازرگانان بەڕاشکاوی قسەیان کرد بێت، تەنانەت یەکێک لەکێشە قورسەکان کە زۆر مەبەستمان بوو چارەسەر بکرێت هەر لەکۆبونەوەکەدا ڕێووشوێنی پێویستی گرتەبەرو چارەسەری کرد".

ئەم ئەندامەی ئەنجومەنی کارگێڕی ژوور ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوان لەکۆبوونەوەکەیاندا ٨ بۆ ١٠ داواکارییان هەبووەو بافڵ تاڵەبانی بەڵێنی جێبەجێ کردنی سەرجەم کێشەکانی پێداون، حەمید عەبدوڵا وتی "لەو ڕۆژەوە کە کۆبونەوەکەمان تێدا کردوە لەنوسینگەی کاک بافڵەوە چەندین جار پەیوەندیم پێوەکراوە لەبارەی داواکارییەکان، خۆشبەختانە هەست دەکەین نیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە"..

سەبارەت بەو دەنگۆیانەش کە باس لەوە دەکەن گوایە لەسلێمانی پارە سپی دەکرێتەوە، حەمید عەبدوڵلا وتی "لەم بارەیەوە لەگەڵ کاک بافڵ گفتوگۆمان کردو پێمانراگەیاند کە ئەم قسەو دەنگۆیانە هەمووی تۆمەتو درۆنو دوورن لەڕاستیەوەو لەسەر ئاستی عێراقو کوردستان کەمترین پارە سپی کردنەوە لەسلێمانییە".

وتیشی "بەشێکی دیکەی کۆبونەوەکە تایبەت بوو بەڕەوشی بازاڕ کە بەداخەوە لەئێستادا بێ بازاڕی لەسلێمانی بەدیدەکرێت، باسیش لەکێشەو گرفتی ڕۆتین لەفەرمانگە حکومییەکان کرا کە زۆرجار گرفت بۆ وەبەرهێنەرانو بازارگانان دروست دەکەن، بەڵێینی دا سەرجەم ڕێگرییەکانی بەردەم وەبەرهێنەرانو زەڕەنگەران چارەسەر بکات".

ئەم ئەندامەی ئەنجومەنی کارگێڕی ژوور ئاماژە بەوە دەکات کە سەرۆکی یەکێتی ستایشی بازرگانانی دراوی کردووە، ئەو وتی "جەنابی کاک بافڵ زۆری پێ باش بوو ئێمە وەک بازرگانانی دراو زۆر بەڕێکخراوانە کار دەکەین، ئەنجومەنی خۆمان هەیەو ژمارەیەکی زۆر داتاو زنیاری دروستمان دا بەجەنابیان کە زۆر پێیباش بوو بەو شێوازە کاردەکەینو پێیوتین لەکاتی دروستبوونی هەر کێشەو گرفتێک یان وەرگرتنی سەرانەو پشک یەکسەر ئاگادارم بکەنەوە بەزووترین کات چارەسەری دەکەین، ئێمە داوامان کرد بە بەردەوامی ئۆتۆمبیلێکی ئاسایشی سلێمانی لەبەردەم فولکەی خانەقا بوەستێت بەمەبەستی پاراستنی سەلامەتی بازاڕی دراو، ئەوەشی بۆ جێبەجێ کردین".

وتیشی "من بەحکومی ئەوەی کە ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیمو ماوەیەکی زۆریش سەرۆکی ئەنجومەنی بازاڕی دۆلارەکە بووم، بەشداری دەیان کۆبونەوەم کردووە، بەڵام تاکو ئێستا کۆبوونەوەی وەک ئەم کۆبوونەوەیەی کاک بافڵ بەسوودو کاریگەرم نەبینیوە".

## وتەبێژی بازاڕی دراو:

# سەرۆک بافڵ پشتیوانی تەواو لەبوژانەوەی بازاڕی سلێمانی دەکات

ئا: ڕێژەن سەردار

**وتەبێژی بازاڕی دراوی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات بۆ چەند مەبەستێک سەردانی بافڵ تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانییان کردووە، ئەو دەڵێت "سەرۆک بافڵ بەڵێنیدا بەتەواوی پشتیوانی بازرگانان بکاتو ڕۆینات لەشاری سلێمانی کەم بکاتەوەو لیژنەیەک دروست بکرێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکانو کاک بافڵ خۆی چاودێری بازاڕ دەکات".**

جەبار گۆران، وتەبێژی بازاڕی دۆلارەکەی سلێمانی بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند لەدوای ئەوەی چەند بازرگانێکی بازاڕی دۆلارەکەی سلێمانی بەتۆمەتی سپیکردنەوەی پارە دەستگیرکران، لێکتێنەگەیشتنێک دروست ببوو، لەبەرئەوەی ئەو چەکی پارانە هیچی بەنەقدی لەبازاڕی دۆلارەکەی سلێمانی ڕانەکێشرا بوو تەنها دەستاودەستی کرد بوو، یەکێک لەتەوەرەکان ئەوە بوو کە لەلایەن سەرۆکی یەکێتییەوە دەستبەجێ چارەسەر کراو کۆتایی پێهات، ئەو وتی "بازرگانانی سلێمانی بەلایانەوە گرنگ بوو لەگەڵ یەکە ئیدارییەکانی شار ئاشت ببنەوە، خۆشبەختانە سەرۆک بافڵ پشتیوانی تەواوی ئەم پرۆسەیە دەکات، بڕیارە لیژنەیەکیش دروست بکرێت بۆ چاودێری بازاڕو کاک بافڵ خۆی چاودێری بازاڕ بکات، سەردانی بازاڕی دراوو دەروازە سنورییەکان بکاتو پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەسەربکاتەوە، سەرۆک بافڵ بەڵێنیدا بەتەواوی پشتیوانی بازرگانان بکاتو ڕۆینات لەشاری سلێمانی کەم بکاتەوەو لیژنەیەک دروست بکرێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکانو بازرگانان لیژنەکە ئاگادار دەکەنەوەو بەدواداچون بۆ کێشەکان دەکرێتو لەماوەیەکی کەمدا چارەسەری دەکات، کارەکان لەژێر چاودێری کاک بافڵ دەبێت".

وتیشی "هەوڵ دەدەرێت کۆمپانیای پشکداری دروست بکرێت تاکو ئەو کەسانەی دەیانەوێت پرۆژەی گەورە دروست بکەن، بتوانن بەپشکدارییی کارەکانیان بکەنو کارئاسانییان بۆ بکرێت کە ئەمە دەبێتە هۆی بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری سلێمانی، هەوڵ دەدەرێت لقی بانکە عێراقییەکان لەسلێمانی بکرێنەوە بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی سلێمانی زیاد بێت، لەم ڕووەوە سەرۆک بافڵ پشتیوانی تەواو لەبوژانەوەی بازاڕی سلێمانی دەکات".

جەبار گۆران ئەوەی ڕونکردەوە کە لەئێستادا بازاڕی دۆلارەکەی سلێمانی لەچاو بازاڕی دراو لەشارەکانی تری عێراقو هەرێمی کوردستان زۆر لەپێشترو باشترە، ئەو وتی "ئێمە لەبازاڕی دۆلارەکەی سلێمانی خاوەنی ئەنجومەنو ڕاوێژکارو وتەبێژین، ئێمە پرسی مامەڵەی تمەنیشمان لەگەڵ کاک بافڵ باس کردو سەرجەم ئەو دەنگۆیانەمان بەدرۆخستەوە کە باس لەسپی کردنەوەی پارەو بەقاچاخ بردنی دۆلار دەکەن لەبازاڕی دۆلارەکەی سلێمانی، لەبەرئەوەی تاکو ئێستا هیچ کۆمپانیایەک لەسلێمانی پشکی نیە لەو دۆلارەی بانکی ناوەندی عێراق دەیفرۆشێت، کۆمپانیایەک کە نەتوانێت دۆلار لەبانکی ناوەندی بکڕێت چۆن دەتوانێت دۆلار بەرێتە دەرەوەی عێراق؟! ئەمە باشترین بەڵگەیە بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو دەنگۆیانە، کاک بافڵ تاڵەبانی بەڵێنیدا کە ئەگەر ئاستەنگێک لەمامەڵەی تمەنو زێر پێشتر هەبووبێت لادەبرێت".



## سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی:

# سەرۆک وەزیرانی عێراق بەڵێنی پێدان کێشەو گرفتە ئابورییەکانی هەرێم چارەسەر بکات

ئا: بازرگانیو پیشەسازی

**سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی سەبارەت بەدیدارو کۆبوونەوەی لەگەڵ محەمەد شەیاع سودانی، دەڵێت "ئەمە یەکەمین جارە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە کە ڕژێمی بەعسی پێشووی عێراق ڕوخاوە، سەرۆک وەزیرانی عێراق بانگهێشتی سەرۆکی ژوورێکی بازرگانی بکاتو لەگەڵی کۆبێتەوە".**

سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند کە وەکو هەر چوار ژوورە بازرگانیو پیشەسازییەکەی هەرێمی کوردستان لەسەر داوای محەمەد شیاع سودانی، سەردانی شاری بەغدایان کردووەو وەک وەفدێکی حکومیو کەرتی تایبەت لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق سەردانی وڵاتی ئەڵمانیایان کردو لەسەردانەکەدا لەسەر ئاستی عێراق تەنها چەند ڕێکخراوێکی ئابورییو سەرۆکی یەکێتی ژوورە بازرگانییەکانی عێراق بەشدارییان کردووە، ئەو وتی "ئێمە کاتێک گەیشتینە شاری بەغدا لەلایەن بەڕێز محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق پێشوازیمان لێکراو داواتر سەردانی شاری بەرلین پایتەختی ئەڵمانیامان کردو لەوێ کۆبونەوەیەک بەئامادەبوونی کەرتی تایبەتو کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا سازکراو گفتوگۆکرا لەبارەی پێشخستنی کەرتی ئابوریو زیادکردنی جوڵەی بازرگانی لەنێوان هەردوو وڵاتدا".

وتیشی "بۆ ڕۆژی دواتر جەنابی سەرۆک وەزیرانو وەفدی حکومەت درێژەیان بەسەردانەکەیان داو چەند پرۆتۆکۆڵێکیان واژۆ کرد کە پەیوەست بوو بەبوارەکانی ژینگەو دابینکردنی وزەی کارەباو سوتەمەنی، لەهەمانکاتدا وەزیری کۆچو کۆچبەرانی عێراقیش ئامادە بوو، باس لەهاوکاری کردنی کوردانی ئێزیدی کرا کە هاوکاریان بکەن، کاتێک جەنابی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەو کۆبونەوەیە گەڕایەوە پێیانڕاگەیاندم کە جەنابی دەیەوێت بمبینێتو کۆبونەوەیەکمان ساز کرد کە کۆمەڵێک تەوەری گرنگمان تاوتوێ کرد لەبارەی کاری بازرگانیو ڕەوشی دەروازە سنورییەکان".

سەبارەت بەگرنگترین ئەو داواکارییانەی ئاڕاستەی سەرۆک وەزیرانی عێراقیان کردووە، سەرۆکی ژوور وتی "ئێمە ئاماژەمان بەوەدا بەشێکی زۆری ئەو کاڵاو شتومەکانەی بازرگانانی سلێمانی هاوردەی دەکەن دەنێرێت بۆ شارەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق، لەئێستادا بەهۆی بەرزبونەوەی بەهای دۆلار بەرامبەر بەدیناری عێراقی، بازرگانان توشی کێشەو گرفتی زۆر بوون، داوامان کرد هاوشێوەی عێراق نرخی دۆلارو حەواڵە کردن بۆ بازرگانان بەنرخی فەرمی بانکی ناوەندی بێتو بازرگانانی هەرێمی کوردستان بێبەش نەبن لەو ئیمتیازە کە دراوە بەبازرگانانی عێراق، لەبەرئەوەی ئەو بارانەی لەهەرێمی کوردستانەوە دەچێت بۆ ناوەڕاستو باشوری عێراق نرخی بەرزدەبێتەوەو کاڵاکان گران ئەکرێت، داوامان کرد لەلقەکانی بانکی ناوەندی عێراق ئەو بانکانەی کە لقیان هەیە لەهەرێمی کوردستان دۆلار بەنرخی فەرمی بدەنە بازرگانانی هەرێمی کوردستان، ئەگینا بازرگانەکانمان ناچار دەبن ڕوو لە شارەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق بکەن کە لەوێ ١٠٠ دۆلار بۆ بازرگانان بە ١٤٦ هەزارو ٥٠٠ دینار دەگۆڕێتەوە، بەڵام لای ئێمە لەهەرێم بە نزیکەی ١٦٠ هەزار دینارە، بەجەنابی سەرۆک وەزیرانم وت وا بڕوات سلێمانی لەبەردەم دروستبوونی قەیراندایەو ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی کە لەدەروازە سنورییەکان کار دەکەنو بژوێی خێزانەکانیان دەستدەکەوێت، بێکار دەبن".

وتیشی "لەئێستادا بڕیارە ئەو کەسانەی گەشتی دەرەوەی عێراق دەکەن تاکو بڕی ٥ هەزار دۆلاریان لەفرۆکەخانەکان بەنرخی فەرمی بانکی ناوەندی عێراق ١٠٠ دۆلار بە ١٤٦ هەزارو ٥٠٠ بۆ بگۆڕێتەوە، داوامان کرد ئەم بڕیارە هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوەو لقەکانی بانکی ناوەندی لەفرۆکەخانەکانی هەرێمیش دابنرێت لەبەرئەوەی لەشاری سلێمانیش ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتیان ڕۆژانە بەمەبەستی بازرگانیو چارەسەری نەخۆشیو بۆ گەشتیاریی سەردانی دەرەوەی وڵات دەکەن".

سەرۆکی ژوور ئەوەی ڕونکردەوە کە داوایان لەسەرۆک وەزیرانی عێراق کردووە قەرزەکانی بانکی ڕەشیدو ڕافیدەینو بانکە عێراقییەکان لەسەر بودجەی عێراق کە دەدرێت بەهاوڵاتیانی باشورو ناوەڕاستی عێراق بۆ کەرتەکانی خانووبەرەو بۆ هاوسەرگیرییو بۆ بازرگانیو پیشەسازیو کشتوکاڵی، هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوەو هاوڵاتیانی هەرێم لێی بێبەش نەبن، ئەو وتی "بەڕێزیان بێئاگایی خۆیان لەو بابەتە ڕاگەیاندو پێیوتین من وامزانیوە لەهەرێمیش ئەم قەرزە وەردەگیرێتو هاوڵاتیان لێی سوودمەندن، بەڵێنیاندا کاری لەسەر دەکەنو ڕایانگەیاند ئێمە جیاوازی لەنێوان هاوڵاتیانی عێراق ناکەینو بودجە بۆ هەمووانە بێ جیاوازیو پێمانخۆش نییە هەرێمی کوردستان جیابکرێتەوە".

وتیشی "داوای دابینکردنی نەوتی سپیمان کردو بەسەرۆک وەزیرانی عێراقمان ڕاگەیاند لەئێستادا بەفرێکی زۆر لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان باریوەو کەشوهەوا زۆر ساردەو نرخی نەوت زۆر بەرزە، بۆیە داواکارین نەوت هاوشێوەی شارەکانی تری عێراق بدرێت بەهەرێمی کوردستان، بەڕێزیان بەڵێنیاندا بەزووترین کات میکانیزمێک دادەنرێت بۆ ناردنی نەوت بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، تاکو هاوڵاتیانی کەمدەرامەت سوودمەند بن، ئەو وتی من پێشتر ڕەزامەندیم داوە کە ٥٠ ملیۆن لیتر نەوت بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بنێرێت بە نرخی گونجاو، وتیشی دوای کۆبونەوەکە بەدواداچونی بۆ ئەکەم، داوای نوسراوێکی فەرمی لێکردم، بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیم کرد بە بەڕێز د.هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانیو داوام لێکرد نوسراوێکی فەرمی لەبارەی نەگەیشتنی بەشە نەوتی پارێزگای سلێمانی بنێرێت، زۆر سوپاسی دەکەین بە بەدەم داواکرییەکەمەوە هاتوو نوسراوی بۆ کردین لەگەڵ داواکارییەکانی خۆماندا ئەوەی د.هەڤاڵیشم دا بە سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە ڕێگەی هاتنەوەشمان ژمارەی تایبەتی نوسینگەکەی دامێ بۆ بەدواداچون کردنو ئاگادار بوون لەکێشەو گرفتە ئابورییەکان".

سیروان محەمەد ئەوەش روون دەکاتەوە کە کۆبونەوەکەی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق زۆر بەسوودو سەرکەوتوو بووەو سەرۆک وەزیرانی عێراقیان داوەت کردووە سەردانی هەرێمی کوردستان بکاتو بەڵێنیشی داوە سەردانی هەرێمو پارێزگای سلێمانی بکات، ئەو وتی "لەبارەی کەرتی پیشەسازیو بەگەڕخستنەوەی کارگەکانو کەرتی کشتوکاڵیو زیادکردنی بەرهەمی نیشتیمانیشەوە گفتوگۆمان کرد، لەکۆبونەوەکەدا پێشەوا جاف، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی هەڵەبجەش ئامادە بوو، داوامان لەبەڕێز سەرۆک وەزیرانی عێراق کرد کە شاری هەڵەبجە وەک پارێزگایەک بناسرێتو بکرێتە پارێزگای ژمارە ١٩ لەعێراق، کە واژۆکردنی بڕیارەکە لەلای بەڕێزیانەو هیواداریین بەزوترین کات واژۆی بکات، هەروەها کێشەی بازرگانانی هەڵەبجەمان لەدەروازە سنورییەکان گەیاند بەسەرۆک وەزیرانو داوامان لێکرد چەند مەرزێک لەسنوری هەڵەبجە هەیە کارا بکرێت بۆ ئەوەی ببنە دەروازەی فەرمی کە ئەمەش سوودی زۆر بەئابوری شاری هەڵەبجە دەگەیەنێت".

وتیشی "کۆبونەوەکە تەنها لەگەڵ من سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو کاک پێشەوا جاف سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی هەڵەبجە بوو، زۆر سوپاسی دەکەین کە بەگەرمی پێشوازی لێکردینو ئامانجیشی ئەوە بوو ئاگاداری گرفتەکانمان بێت تاکو هەوڵی چارەسەرکردنی بدات، ئێمە لەکۆبونەوەکەدا سەرجەم داواکارییەکانمان بۆ بەرژەوەندی بازرگانانی هەرێمی کوردستان بەگشتیو شاری سلێمانی بوو بە تایبەتی".

سەرۆکی ژوور ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە یەکەمین جارە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە کە ڕژێمی بەسی پێشووی عێراق ڕوخاوە، سەرۆک وەزیری عێراق بانگهێشتی سەرۆکی ژوورێکی بازرگانی بکاتو لەگەڵی کۆبێتەوە، ئەو وتی "من گەشبینم بە بەڵێنەکانی جەنابی سەرۆک وەزیرانی عێراق، لەبەرئەوەی بڕیارە کە کۆبونەوەیەکمان لەگەڵ بانکی ناوەندی عێراق بۆ ساز بکات، هەروەها بەڕێز د.فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق ڕۆڵی زۆر باشی هەبوو لەسازکردنی ئەم کۆبوونەوەیەدا، ئێمە لەسەر پێشنیاری بەڕێزیان بانگهێشت کراین، زۆر سوپاسی دەکەینو هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین، کە کۆبوونەوەمان لەگەڵ کرد بەڵێنی پێداین پشتیگیری تەواومان بکات بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانمانو کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیرە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕێکبخات بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان، هیواداریین بتوانین کاری باش بۆ خزمەتی سلێمانیو هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەین".

> **یەکەمین جارە لەساڵی ٢٠٠٣وە سەرۆک وەزیرانی عێراق بانگهێشتی سەرۆکی ژوورێکی بازرگانی بکاتو لەگەڵی کۆبێتەوە**



کۆبوونەوە لەگەڵ د.فوئاد حسێن



محەمەد شیاع سودانیو سیروان محەمەد

# وەفدێکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی سەردانی دامەزراوەی سەرۆک مام جەلال دەکات



**سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێری ژوور سەردانی د.محەمەد سابیر، سەرۆکی دامەزراوەی "سەرۆک جەلال تاڵەبانی"یان کرد لەشاری سلێمانی بەمەبەستی پیرۆزبایی کردن لەبەڕێزیانو سوپاس کردنیان بۆ دروستکردنی دامەزراوەی سەرۆک مام جەلال.**

لەکۆبونەوەیەکدا، د.محەمەد سابیر، سەرۆکی دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی، باسی لەگرنگی ئەو دامەزراوەیە کرد کە لەشاری سلێمانی کاردەکات بەمەبەستی پاراستنو کۆکردنەوەی ئەرشیفی کارو چالاکییەکانی سەرۆک مام جەلالو رایگەیاند "کارێکی تری ئەم دەزگایە ئەوەیە کە مەزاری مام جەلال وەک کۆمەڵگەیەکی لێدەکرێت، ئەکادیمیای مام جەلال دادەمەزرێو کاری توێژینەوە لەسەر بیرو باوەڕی مام جەلال دەکات لەڕووی سیاسیو مێژوویی‌و رۆشنبیریو کلتوریو کۆمەڵایەتییەوە، ئەو ئەکادیمیایە هەوڵدەدات زەماڵە بۆ خوێندکاری زیرەک بکات کە تواناین نیە لەدەرەوەی وڵات بخوێنن تا هاوکاری تەواویان بکات".

لای خۆشیەوە سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی رایگەیاند "وەک ژووری بازرگانیو پیشەسازی بەهەموو توانایەکەوە پشتیوانی لەکارەکانتان دەکەین، هەر پێداویستیەکتان هەبێت ئامادەین بۆتان دابین بکەین".

سیروان محەمەد ئاماژەی بەوەش دا ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی یەکێکە لەچالاکترین ژوورەکانی بازرگانی لەسەر ئاستی عێراق کە بەچالاکترین ژوور هەڵبژێردراوەو لەڕووی ئابورییەوە سلێمانی یەکێکە لەو شارانەی زۆرترین کاری بازرگانی تێدا دەکرێتو زۆرترین وەکالەتی براندە جیهانیەکان لەلایەن بازرگانانی سلێمانیەوە وەرگیراوەو کاڵاکان لێرەوە پەخش دەکرێن بەسەر سەرجەم شارەکانی عێراقدا.

ڕاشیگەیاند "شاری سلێمانی خاوەنی پێشانگەی تایبەت بەخۆیەتی کە ساڵانە چەندین پێشانگەی نێودەوڵەتی تێدا دەکرێتەوەو ڕۆڵی زۆرباشی هەیە لەگەشەی ئابوریو زیادکردنی جوڵەی بازاڕ، گەورەترین پرۆژەی گەنجینە لەشاری سلێمانییە کە براندە جیهانیەکانی لەخۆ گرتووە، هەروەها لەڕووی خێرخوازیەوە ژووری بازرگانی بەهاوکاری سەرمایەداران هەمیشە پێشەنگ بووە لەگەیاندنی هاوکاری بەهەژارانو لێقەوماوان لەکاتی ڕوداوە نەخوازراوەکاندا، دوپاتی دەکەینەوە پشتیوانی تەواو لەم دامەزراوەیە دەکەین".

د.محەمەد سابیر، سەرۆکی دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی سوپاسی سەرۆکو ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێری ژووری کردو ڕایگەیاند "ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی هەمیشە شوێن دەستی دیارەو مایەی سەرکەوتنە بۆ هەرێمی کوردستان کە یەکێکە لەباشترین ژوورە بازرگانییەکان لەسەر ئاستی عێراق، جێگەی شانازین بۆمان".

# ناجێگیری نرخی دۆلار جوڵەی بازاڕی سست کردووە

## کاریگەری خراپی لەسەر کاری کۆمپانیاکان دروستکردووە

**ئا: زریان محەمەد**

**ئەو ناجێگیرییەی لەنرخی دۆلاردا لەبازاڕەکانی عێراقو هەرێمی کوردستان دروستبووە کاریگەری هەبووە لەسەرکاری کۆمپانیاکانو خاوبونەوەی کاری بازرگانو ڕاوەستانی بازاڕو نەگەڕاندنەوەی پارەی کۆمپانیاکان لەبازاڕدا.**

ڕێباز جەزا، بەرپرسی ژمێریاری لە کۆمپانیای زێڕ بۆ دابەشکردنی خۆراک لەبارەی ناجێگری نرخی دۆلارو ئەو کاریگەریانەی هەیەتی بۆ ڕۆژنامەی بازرگانی و پیشەسازی ڕونکردەوە "گران بوونی نرخی دۆلار لەبەرامبەر دیناری عێراقیدا کاریگەری خراپی لەسەر ژیانی هاوڵاتیان بەپلەی یەکەمو کۆمپانیاو مارکێتەکان بەپلەی دووەم هەیە".

رونیشی کردەوە ئەو ناجێگیرییەی لەنرخی دۆلاردا لەبازاڕەکانی عێراقو هەرێمی کوردستان دروستبووە کاریگەری لەسەر ژیانی هاوڵاتیانو "فەرمانبەر بە تایبەت" هەیە، چونکە ئەو توێژانەی موچەکانیان بە (دینار) وەردەگرنو گران بونی نرخی دۆلار کە دەبێتە هۆی "بەرز بوونەوەی نرخی پێویستیەکانی رۆژانە" ناچاریان دەکات خەرجییە ناپێویستیەکانیانو ئەو خەرجیانەیان کە بەدۆلارە، کەم بکەنەوەو داهاتەکانیان لەکڕینی موادی خۆراکی کە پێویستی سەرەکی ڕۆژانەیانە سەرف بکەن.

ئاماژەی بەوەش کرد کە کاریگەری لەسەر کۆمپانیاو مارکێتەکانیش لەوەدایە پێشتر نرخی دۆلار ١٠٠$ = ١٤٨٠٠٠ دینار بوو، کۆمپانیا موادێکی بە ١٠٠$ = ١٤٨٠٠٠ دینار دەکڕیو دەیدیایەوە بە ١٤٩٠٠٠ بەمارکێت، مارکێتەکانیش بەنمونە دەیانفرۆشت بە ١٥٠٠٠٠ دینار بەهاوڵاتیان، بەڵام ئێستا کە نرخی ١٠٠$ = ١٦٠٠٠٠و بەردەوام بەرزو نزم دەکات کۆمپانیاکانیش بەرهەمە هاوردەکراوەکانیان بەدۆلار دەکڕنو ناچارن بەدۆلار بیفرۆشنەوە بەمارکێتەکان ئەمەش خۆی لەخۆیدا تا ڕادەیەکی زۆر فرۆشی کۆمپانیاکانی کەم کردۆتەوە، ئەو وتی "ئێمەش وەک کۆمپانیای زێڕ بێ بەش نەبوین لەزیانی گۆڕانی نرخی دۆلار بەدیناردا و کێشەی لەوەرگرتنەوەی قەرزەکانماندا لەبازاڕدا بۆ دروستکردوین، بەڵام وەکو خاوبونەوەی فرۆش کاریگەریەکەی کەمتر بووە چونکە موادەکانی ئێمە (پێویستی سەرەکی ڕۆژانەی خەڵکە)".

ئەو کۆمپانیایانەی کە هاوردەی خۆراکو پێداویستی دەکەن لەوڵاتانی ئەوروپاوە کاریگەری نرخی دۆلار لەسەریان زۆرترە، بەجۆرێک وەرگرتنەوەی پارەی بازاڕیان لەسەر قورسبووە، چونکە بۆیان ناگەڕێتەوە خاوەن مارکێتەکان لەچاوەڕوانی هەرزانبونی نرخدان یان ڕێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیاکان دەکەن بەنرخێک دۆلارەکە دیاریدەکەن کە هەردوولا ڕازیبن لەسەری.

بورهان عەلی عەبدوڵا، ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو خاوەنی کۆمپانیای بورهان بۆ بازرگانی گشتیو خۆراک بۆ ڕۆژنامەی بازرگانیو پیشەسازی وتی "ئێمە بەردەوام لەوڵاتانی ئەوروپاوە هاوردەی خۆراک دەکەین مامەڵەی کڕینمان بەدۆلارە، کاتێک کاڵاکانمان بەدۆلار دەفرۆشین بەخاوەن بازاڕو مارکێتەکان ئەوان بەدینار پارەمان بۆ دەگێڕنەوە، دەبێت ئێمەش دینارەکە بکەینەوە بەدۆلار تا بتوانین حەواڵەی بکەین بۆ کڕینی بەرهەمەکانمان لەگەڵ کۆمپانیا ئەوروپییەکان، لەئێستادا نرخی دۆلار کە بەردەوام ناجێگیرەو بەرزە پارەکانمان ناگەڕێتەوەو لەبازاڕدا ڕاگیراوە، خاوەن مارکێتەکان ئامادە نین بەو نرخە بەرزە پارەکان بدەنەوە، دەڵێن چاوەڕێ دەکەین دۆلار دابەزێت".

وتیشی "پێشتر خاوەنکارەکان بەرهەمەکانی ئێمەیان کە کڕیوە نرخی هەر ١٠٠ دۆلارێک ١٤٨٠٠٠ هەزار دینار بووە پارەکەیان نەداوە پێمان، بەڵام کاتێک بووە بە ١٦٠٠٠٠ هەزار دینار، ئێستا دەڵێن من بەنرخی ئەو ڕۆژە دۆلارەکە دەکەینەوە بەدینار، لەبەرامبەر ئەوەدا زیان بەئێمە دەگات، چونکە ئێمە هیچ مامەڵەیەکمان بەدینار نیە دەبێت بیکەینەوە بەدۆلار، هەربۆیە لەئێستادا بەتەواوی بازارمان خاو بوەتەوە، پارە گەڕانەوەش بۆ کۆمپانیاکان دواکەوتووە".

ناجێگیری نرخی دراو تەنها کاریگەری لەسەر کۆمپانیاکان نەبووە، بەڵکو کاریگەری لەسەر تەواوی سێکتەرەکان دروست کردووە.

دانا سەلاح، خاوەنی ڕێستۆرانتی کۆزۆن لەناوچەی سیتەک بۆ ڕۆژنامەی بازرگانیو پیشەسازی وتی "هەموو ئەو پێداویستیانەی دەیکڕین بەدۆلار دەگات بەدەستمانو ئێمە نرخەکانمان هەروەک خۆی ماوەتەوەو ناتوانین دەستکاری بکەین، بەڵام نرخی ئەو دۆلارە بۆ ئێمە خێری کارەکامانی کەم کردۆتەوەو بەتەواوی پێداویستیەکان بەرێژەی لەسەدا هەشت لەکاتی کڕیندا گران بووە لەسەرمان، هەربۆیە ئەمەش بۆتە هۆی خاوبونەوەی کارەکانمان".

ئاماژەی بەوەش دا "زیادبوونی نرخی باج لەسەر ڕێستۆرانتەکان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کارکردن دروست کردووە، ئەو زیانەی لەنرخی دۆلار پێمان دەگات جارێکی دیکە لەنرخی کارەباو باجەوە لێی زەرەر دەکەینو بێ هیوا بووین لەبەردەوامی کارکردن، چونکە ستافمان زۆرە بۆ کارکردن لەگەڵ ئەوەش بەردەوامین ئەگەر باج بەو شێوەیە بێت ئەوا دەستی کار لەشوێنەکەمان کەم دەبێتەوە دەبێتە هۆی بێکار بوونی کۆمەڵێک گەنج".

> **پێشتر خاوەنکارەکان بەرهەمەکانی ئێمەیان کە کڕیوە نرخی هەر ١٠٠ دۆلارێک ١٤٨٠٠٠ هەزار دینار بووە پارەکەیان نەداوە، بەڵام کاتێک بووە بە ١٥٦ هەزار دینار، ئێستا دەڵێن بەنرخی ئەو ڕۆژە دۆلارەکە دەکەینەوە بەدینار**



## ڕێکخەری فیستیڤاڵی ساڵی نوێ:

# توانیمان هەلی کار بۆ ٢٥٠ گەنج بڕەخسێنین



شەوی سەری ساڵ لەشەقامی سالم

**ئا: ڕێژەن سەردار**

**"ئین سلێمانی" پلاتفۆرمێکی تایبەتە بەفیستیڤاڵو بۆنەو چالاکییەکانی سلێمانی، لەگەڵ هاتنی ساڵی نوێی ٢٠٢٣دا (inSlemani) گەورەترین فیستیڤاڵی ساڵی نوێی لەسلێمانی ساز کرد، ڕێکخەری فیستیڤاڵەکە دەڵێت "لەئێستاوە سەرقاڵی ئامادەسازین بۆ ئەنجامدانی فستیڤاڵی نەورۆز، خوازیارین بتوانین بەشێوازێکی زۆر باشترو جوانتر لەنەورۆزدا فیستیڤاڵەکە ساز بکەینو چەند کۆمپانیایەکو لایەنێک هەبن هاوکارمان بن تاکو بتوانین کاری باشترو جوانتر پێشکەش بکەین".**

شنیار سەعد، ڕێکخەری ڤیستیڤاڵی ساڵی نوێ بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند "هاوڵاتیانی شاری سلێمانی چەندین ساڵە لەبۆنەکان نەیانتوانیوە وەک پێویست خۆشحاڵی خۆیان دەربڕنو ژمارەی گەشتیارانیش لەکەم بوونەوەدا بوو، بێتاقەتی بەڕوی هاوڵاتیانی سلێمانیەوە دیارەو هەلی کار کەمتر بوەتەوە، بۆیە بیرمان لەوە کردەوە کە ئەمساڵ کۆمەڵێک چالاکی بکەینو پرۆژەی جیاواز پێشکەش بکەین کە بتوانین خۆشیو کامەرانییە لەنێو دڵی خەڵکی شاردا زیندوو بکەینەوەو دڵی هاوڵاتیان خۆش بکەینو ڕوداوە ناوخۆشەکانی ئەم دوایانەش تێپەڕێنینو هاوکات جوڵەی بازاڕیش زیاد بکەین".

ڕێکخەری ڤیستیڤاڵی ساڵی نوێ ئاماژەی بەوە کرد ئاهەنگی ساڵی نوێ لەلایەن (inslemani) سازدرا کە پلاتفۆرمێکی سەربەخۆی قازانج نەویستەو سەر بە کۆمپانیایی پرۆجێکتە، سپۆنسەری کارەکان کۆمپانیای پرۆجێکت دابینی دەکات، یەکەم کاری (inslemani) سازدانی ئاهەنگی ساڵی نوێ بوو، ئەو وتی "بۆ پرۆژەکانی داهاتوو پێمانخۆشە لەگەڵ هەر لایەنێک بیەوێت هاوکارمان بێت کار بکەین، ئێمە دەمانەوێت سلێمانی وەک هەمیشە پێشەنگی کەلتوور، نوێگەریو داهێنان بێت".

چالاکییەکانی فیستیڤاڵی ساڵی نوێ کە لەلایەن (inSlemani) ئامدە کرابوون بریتی بوون لە"ڕازاندنەوەی تەواوی شارێی سالم، چەند شوێنێکی شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمودو سەر پردو ئەندەرپاسەکان، سازکردنی دوو کۆنسێرتی گەورە لەشەوانی ٣٠و ٣١ی کانونی دووەم بە بەشداری چەندین هونەرمەندی دیاری کوردستانو گرووپی هەڵپەڕکێ، مارکێتی ئین سلێمانی بە بەشداری زیاتر لە ٦٠ خاوەنکاری ناوخۆییو ٤٠ خواردەمەنی جیاواز، گەیم زۆن یاریی تۆپ، یاریی بەخت، نیشانەشکاندن، تاقیکردنەوەی هێز، سێرک، یاریی ئاگرینو چەندین یاری دیکە، چەندین چالاکی جۆراوجۆر بۆ منداڵان: باڵۆن.

> **لەئێستاوە سەرقاڵی ئامادەسازین بۆ ئەنجامدانی فیستیڤاڵی نەورۆز، خوازیارین بتوانین بەشێوازێکی زۆر باشترو جوانتر فیستیڤاڵەکە ساز بکەین**

لەبارەی تێچووی ڕێورەسمەکە، شنیار رایگەیاند "ناتوانم لێرەدا هیچ ژمارەیەک بڵێمو بەهیچ جۆرێکیش لەهیچ راگەیاندنێکەوە باسی تێچوی سازدانی ئاهەنگی ساڵی نوێمان نەکردوە، هەر میدیایەکیش ئەم بابەتەی بڵاوکردبێتەوە دوورە لەڕاستیەوەو لەخۆیەوە قسەی کردەوە، ئێمە باسی تێچوو ناکەین لەبەرئەوەی بەپێوسیتی نازانین لەم کاتەدا باسی بکەین".

ڕێکخەری ڤیستیڤاڵی ساڵی نوێ ئەوەی ڕونکردەوە کە "ئین سلێمانی" دەیەوێت سلێمانیش لەکەشێکی جیاوازو تایبەتدا لەگەڵ وڵاتانی دیکە لەسەرانسەری جیهاندا، ئاهەنگی هاتنی ساڵی نوێ بگێڕێتو خەڵکەکەی بەئومێدەوە بەرەو داهاتوو هەنگاوبنێن، ئەو وتی "ئێمە زۆر دڵخۆش بووین لەبەرئەوەی هاوڵاتیان پێشوازیەکی زۆر باشیان لەئاهەنگی ساڵی نوێ کرد، هەمیشە هەوڵدەدەین کاری باشترو جوانتر بکەین ئەم پرۆژەیە یەکەمین کارمان بوو لەکاتێکی کەمدا بڕیارماندا ئاهەنگی ساڵی نوێ ساز بکەین، سەرچاوەی زۆریشمان لەبەردەستدا نەبوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا توانیمان کارێک بکەین کە بتوانین شانازی پێوە بکەین، کارەکان سەرکەوتوو بوو، ئەگەر لەئاست خواستی هەندێک کەسیشدا نەبوو بێت هۆکارەکەی ئەوە بوو تەنها کۆمپانیایەک کارەکانی کردو سەرچاوەکانی داهاتمان سنوردار بوو".

وتیشی "لەئێستاوە سەرقاڵی ئامادەسازین بۆ ئەنجامدانی فیستیڤاڵی نەورۆز، خوازیارین بتوانین بەشێوازێکی زۆر باشترو جوانتر فیستیڤاڵەکە ساز بکەین، چەند کۆمپانیایەکو لایەنێک هەبن هاوکارمان بن تاکو بتوانین کاری باشترو جوانتر پێشکەش بکەین".

ڕێکخەری ڤیستیڤاڵی ساڵی نوێ جەغتی لەوەش کرد کە فیستیڤاڵەکە جگە لەوەی پێشوازییە لەساڵی نوێو بڵاوکردنەوەی دڵخۆشییە لەدڵی خەڵکدا، چەندین هەلی کاری بۆ گەنجانی شارەکەش ڕەخساندو یارمەتیدەرێکی گرنگ بوو بۆ خاوەنکارە بچووکەکان تاوەکو بتوانن زۆرترین کاڵا بفرۆشنو فیستیڤالەکەش هاندەرێکی گەورە بوو لەهێنانی گەشتیاران بۆ شاری سلێمانی، ئەو وتی "لەچاو ئەوەی لە کاتێکی کەمدا ئامادەسازیمان کرد بۆ ئەنجامدانی ئاهەنگی ساڵی نوێ، بەڵام توانیمان هەلی کار بۆ ٢٥٠ گەنج بڕەخسێنن لەماوەی ئەو ٢٠ ڕۆژەی کە ناوشار بەدیکۆراتو گڵۆپ ڕازێنرایەوە، مارکێتیکێمان دروست کرد کە زیاتر لە ١٠٠ خاوەنکاری ناوخۆیی خواردنو خوارنەوەو کاری دەستی تێدا دەفرۆشرا، بێبەرامبەر شوێن درا بەفرۆشیاران، لەکاری وێنە گرتنو دروستکردنی ڤیدیۆو سازدانی کۆنسێرتەکان چەندین کەسی دیکە سوودمەند بوونو ژمارەیەکی زۆر زیاتر گەشتیاریش سەردانی سلێمانیان کرد".

ئەوەشی خستەڕوو، لەمارکێتەکەدا ئەو گەنجانەی لەئۆنلاین کاڵاکانیان دەفرۆشن، لەڕێگەی فۆرمێکەوە کە پێشتر بڵاوکرابووەوە بەشدار بوون، لەتەنیشت پرۆژەی گوڵی شار ١٠٠ کوخ بەشێوەیەکی جوان ڕازێنرابووەو بێ بەرامبەر درا بەو گەنجانە تاکو بتوانن بەرهەمەکانیان بفرۆشنو کاڵاکانیان بەهاوڵاتیان بناسێنن".

## بەڕێوەبەری کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەڵەبجە:

# لەکاتژمێرێکدا (٤٨٠٠) قتووی (٨٠٠) غم بەرهەمدەهێنین

ئا: زریان محەمەد

**بەشێک لەدۆشاوی تەماتەی هەڵەبجە هەناردەی وڵاتانی ئەوروپا دەکرێت، پاش ئەوەی بەرهەمەکانیان لەناوخۆی هەرێمو عێراق بڵاودەکەنەوە، بەڕێوەبەری کارگەکە گلەیی لەحکومەتی عێراقی دەکات کە ئامادە نەبون لەکارگەی شارەزوور بۆ بەشە خۆراکی هاوڵاتیان دۆشاو بکڕن، لەدەرەوەی وڵات هاوردەی دەکەن.**

بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەڵەبجە، جاسم محەمەد بۆ ڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" دەربارەی کارگەی شارەزوور لەئێستادا توانای بەرهەمهێنانی چەندە، وتی "کارگەی دۆشاوی هەڵەبجە خاوەنی دوو بەرهەمی دۆشاوە بەناوی شارەزوورو بەغداد، کارگەکە ئێستا لەتوانایدایە لەخولەکێکدا (٨٠) قتوو بەکێشی (٨٠٠) غم تێبکات، واتا لەکاتژمێرێکدا (٤٨٠٠) چوارهەزارو هەشت سەد قتوو (٨٠٠) غم تێبکات".

بەپێی توێژینەوە کشتوکاڵییەکان خاکی هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی تەماتە، بەڵام بەرهەمهێنانی تەماتە پێویستی بە کەشێکی تایبەت هەیە ، بۆیە جووتیاران لەکوردستان تەنیا لەنێوان مانگی حوزەیران تاوەکو تشرینی یەکەم دەتوانن تەماتە بەشێوەی کراوە بەرهەمبهێنن، بۆیە بۆ ئەوەی چوار وەرزە بەرهەمی تەماتە هەبێت، دەبێت شێوازی داخراو پەیڕەو بکرێت.

لەبارەی کارگەکە لەتوانایدا هەیە بەرهەمی تەماتەی ناوخۆی جوتیاران بکڕێتەوەو بیکات بەدۆشاو، ئەو وتی "کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەڵەبجە بەردەوام پێویستی بەتەماتەیە، بۆیە ساڵانە لەکاتی پێگەشتنی بەرهەمی تەماتەی جوتیاران لەلایەن کارگەکەمان وەردەگرێتەوەو دەیکەین بەدۆشاوی تەماتەو هەناردەی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانو گشت پارێزگاکانی عێراقی دەکەین بەباشترین کوالێتی".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ ساڵانە هەرێمی کوردستان پێویستی بە نزیکەی ١٨٠ تاوەکو ١٩٠ هەزار تۆن تەماتەیە. توانای بەرهەمهێنانی کێڵگەکانی ناوخۆ، نزیکەی لە ٤٠٪ بۆ ٤٤٪ ئەم بڕەیە، بۆیە بازرگانان زیاتر لە ١٠٠ هەزار تۆن تەماتە لە تورکیا ئێران و عێراق هاوردە دەکەن.

پێشتر وەزیری کشتوکاڵو ئاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند بوو کە "تەماتەی خۆماڵی بۆ دۆشاو باش نییە، چونکە ناوکی زۆرەو ئاوی کەمە".

بەدوای ئەوەشدا وەزارەتی کشتوکاڵ ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو جۆرە تەماتەیەی زۆر شیاوە بۆ بەرهەمهێنانی دۆشاو، تەماتەی ڕەق، کەم ناوک، کەم ئاوو کەم شێیە، بۆیە جۆرێکی تۆوی تەماتەی باشیان بەسەر چەندین جوتیار دابەش کردووە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو تەماتەیە بەرهەمبهێنن کە گونجاو بێت بۆ دۆشاوی تەماتە.

دەربارەی ئەوکێشەو گرفتانەی لەبەردەم بەرەو پێشچونی کارگەکەیان هەیە، بەڕێوەبەری ڕێگە پێدراوی کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەڵەبجە وتی "کێشەکان زۆرن ، کۆتا کێشەکە ئاماژەی پێ بدەم بەداخەوە حکومەتی عێراق ڕەزامەند نەبوون کە دۆشاوی کارگەی هەڵەبجە بخاتە سەبەتەی خۆراکەوە، لەکاتێکدا ئێمە دەتوانین تەواوی ئەو دۆشاوەی دەیانەوێت بۆ بەشەخۆراک دابینی بکەین، بەڵام حکومەتی عێراق لەگەڵ کۆمپانیای دەرەکی گرێبەستی کردووە بۆ هاوردە کردنی دۆشاوی تەماتە لەکاتێکدا ئێمە خۆمان خاوەنی کارگەیەکی گەورەین، بەڵام هیچ پشتیوانیەکمان ناکرێت، بەمەش کارگەی دۆشاوی هەڵەبجە زۆر زەرەرمەند بوو".

دەربارەی هەناردە کردنی بەرهەمی دۆشاوی تەماتە بۆ دەرەوەی عێراق، بەڕێوەبەری کارگەی دۆشاوی هەڵەبجە وتی "کارگەکەمان دەستی کردووە بەهەناردە کردنی دۆشاو بۆ وڵاتانی دەرەوە بەتایبەتی ئەوروپا، لەئێستادا بەرهەمی دۆشاوی تەماتەی هەڵەبجە گەیەنراوەتە وڵاتی بەریتانیا، نەرویج، سوید، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، بەبڕی (٢٢) تۆن بۆ هەر یەکێک لەو وڵاتانە دۆشاو هەناردە کراوە، لەداهاتوویەکی نزیکدا بەرهەمەکانمان زیاد ئەکەینو ئەیگەیەنینە وڵاتانی دیکە".

لەئێستادا بەشێک لەخاوەن کارگەکان لەهەرێمی کوردستان سەرقاڵی گەورەکردنی کارەکانیانو ئەو بەرهەمانەی بەرهەمی دەهێنن هەناردەی دەکەن بۆدەرەوەی وڵات، ئەو کارگانە تەنها پێویستیان بەپشتیوانی حکومەتە بۆ زیاتر هەناردەکردنی بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ.

> کارگەکەمان بەردەوام پێویستی بەتەماتەیە، بۆیە ساڵانە لەکاتی پێگەشتنی بەرهەمی تەماتەی جوتیاران لەلایەن کارگەکەمان وەردەگرێتەوەو دەیکەین بەدۆشاوی تەماتە



کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەڵەبجە



# سەفین دزەیی: لەهەرێمی کوردستان ٣٦ وڵات نوێنەرایەتی هەیە

## دەیان شاندی ئابوریو بازرگانی بەشداربوون لەکردنەوەی پێشانگا نێودەوڵەتییەکان

ئا: زریان محەمەد

**سەفین دزەیی، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "بازرگانی و پیشەسازی" دەڵێت "٣٦ وڵاتی جیهان خاوەنی نوێنەرایەتی خۆیانن بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان لەهەرێمی کوردستان".**



سەفین دزەیی

**بازرگانیو پیشەسازی:** فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەی دامەزراوە؟

**سەفین دزەیی:** لەدوای ساڵی ٢٠٠٣، دەرفەتێکی نوێ بۆ هەرێمی کوردستان هاتە پێشەوە لەڕووی یاسایی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی دەرەوە ئەویش ئەوە بوو کە دەستووری نوێی عێراق بەفەرمی دانی بەهەموو دامەزراوە جێگیرەکانی هەرێمی کوردستان نا وەکو هەرێمێکی فیدراڵ لەعێراقدا هەروەکو لەماددەکانی (١١٧)و (١٤١)دا ئاماژەی پێکراوە.

**بازرگانیو پیشەسازی:** تا ئێستا نوسینگەتان لەچەند وڵاتی جیهان هەیە؟

**سەفین دزەیی:** دوای ئەوە حکومەتی هەرێم هەوڵەکانی چڕکردەوە بۆ برەودان بەپەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتانی بیانی لەچوارچێوەی دەستوری عێراق چونکە سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێکە لەسیاسەتی دەرەوەی عێراقی فیدراڵ لەبەرئەوەی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە لەدەسەڵاتە سەروەریەکانە. حکومەتی هەرێم لەچوارچێوەی مافە دەستورییەکانو وەک لایەنێکی جێبەجێکاری سیاسەتی داڕێژراوی حکومەتی فیدراڵ بڕیاری دامەزراندنی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی دا لەساڵی ٢٠٠٦ بۆ یەکخستنو بەدامەزراوەیی کردنی پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی .

**بازرگانیو پیشەسازی:** چەند وڵات لەشاری هەولێر نوێنەرایەتی هەیەو هەرێمی کوردستان لەچەند وڵات نوێنەرایەتی هەیە؟

**سەفین دزەیی:** لەئێستادا فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی (٩) بەڕێوەبەرایەتی و (١٤) نوسینگەی نوێنەرایەتی حکومەت لەدەرەوە لەکارو هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ گەیشتن بەئامانجە ستراتیژیەکانی هەرێمی کوردستان. حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی لەوڵاتانی (ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، روسیا، نەمسا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، ئوستراليا، ئەڵمانیا، ئێران، سوید، یەکێتی ئەوروپا، پۆڵۆنیا، سویسرا) هەیە. هاوکات ٣٦ وڵات نوێنەرایەتیان لەهەرێمی کوردستان هەیە بەئاستی جیاجیا وەک کونسوڵگەری گشتی کونسوڵگەریو نوسینگەی باڵیۆزخانەو نوسینگەی بازرگانیو کونسوڵی فەخری. فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ڕۆڵێکی گرنگو کاریگەر دەبینێت لەفراوانکردنو بەردەوامیدان بەپەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو بووەتە پردی پێکەوە بەستنەوەی هەرێمی کوردستانو دونیای دەرەوە، لەم ڕووەشەوە بووەتە ئۆرگانی ناوەندێکی چالاکی جێبەجێ کردنی سیاسەتو ڕاپەڕاندنی پەیوەندیە دیپلۆماسیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانو ڕێکخراوە هەرێمیو نێودەوڵەتیەکانیو وڵاتانی جیهان. سەرەڕای بوونی ئاستەنگو بەربەست لەبەردەمی زۆر بۆ سنورداركردنی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لەدەرەوە، بەڵام شێوەیەکی پیشەییانەو بەوپەڕی بەرپرسیاریەتیەوە لەکارەکانی بەردەوامە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هەرێمی کوردستانو زیاتر ناساندنی کوردستانو فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. هاوکات کاری جدی دەکات بۆ پیشاندانو نیشاندانی بەها بنەڕەتیەکانی هەرێمی کوردستان وەکو پێکەوە ژیانو دیموکراسیو فرەییو ئاشتی ناوچەیەکی پیشکەوتوو لەڕووی ئابوری، هاوکات ناساندنی دەرفەتەکانی وەبەرهێنان ئابوریو بازرگانیو هەروەها وەک ناوچەیەکی نمونەیی ئارامیو سەقامگیری لەڕووی ئاسایش بەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی. لەعێراقدا ڕۆڵێکی سەرەکیو بەرچاوی هەبووە لەبرەودان بەپەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دونیای دەرەوە لەڕووی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو وەبەرهێنان، بازرگانی.

**بازرگانیو پیشەسازی:** پەیوەندیتان لەگەڵ کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستان لەچ ئاستێکدایە (کە ژوورە بازرگانیەکان نوێنەرایەتی ئەم کەرتە دەکەن)؟

**سەفین دزەیی:** فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ وێرای برەودان بەپەیوەندییە دووقۆڵیەکان لەگەڵ وڵاتان هەوڵیداوە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو کۆمپانیاو وەبەرهێنەران فراوانتر بکات. بۆ ئەم مەبەستە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی بازرگانیو پیشەسازیو کارەباو کشتوکاڵو دەستەی وەبەرهێنان چەندین کۆنفرانسو کۆڕبەندی ئابوری لەناوەوەو دەرەوە ئەنجامداوە. هەمیشە هانی بازرگانو پیاوانی کاری هەردوولا دەدەین بۆ ئەوەی لەگەشەپێدانو پتەوکردنی ژێرخانی ئابوریو بوژانەوەی هەرێمی کوردستان بەشداری بکەن.

**بازرگانیو پیشەسازی:** پێش ساڵی ٢٠١٤ (شەڕی داعش) ڕۆژانەو بەردەوام شاندی بازرگانی سەردانی هەرێمی کوردستانیان دەکردو کۆنفرانسو کۆبوونەوە لەشارەکانی هەرێم بەڕێوەدەچوو، لە ئێستادا ئەم چالاکیانە زۆر کەم بونەتەوە، هۆکارەکانی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**سەفین دزەیی:** ڕاستە بەهۆی شەڕی تیرۆریستانی داعشو دواتریش ڕوداوەکانی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمو ئینجا پەتای کۆڕۆناو دابەزینی نرخی نەوت سستیەک لەپێشووەچوونەکان دروستبوو، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین جوڵە سیاسیو دیپلۆماسیو بازرگانییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بزاوتێکی بەرچاوی هەیەو دەیان شاندی سیاسیو ئابوریو بازرگانی سەردانی هەرێمیان کردووەو بەشدار بوون لەکردنەوەی پێشانگا نێودەوڵەتییەکان.

> هەر لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ وێرای برەودان بەپەیوەندییە دووقۆڵیەکان لەگەڵ وڵاتان، هەوڵمانداوە پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو کۆمپانیاو وەبەرهێنەران فراوانتر بکەین



# دانانی مێزو عەرەبانە لەسەر شۆستەو شەقامەکان سیمای ناو بازاڕی شاریان شێواندووە

ئا: ڕێژەن سەردار

**ماوەیەکی زۆرە زیادەڕەوی لەسەر شەقامەکانی ناو بازاڕی شاری سلێمانی بەتایبەت دەمەو ئێواران لەشەقامە سەرەکییەکانی کاک ئەحمەدی شێخ، بەردەرکی سەرا، شەقامی کاوە، بەردەم سینەما سیروان، ئۆرزدی باکو شەقامی مەولەوی، هاوڵاتیانی بێزار کردووە.**







ناو بازاڕی سلێمانی

نەوزاد مەحمود کە چەند خولەکێک ماڵی لەناو بازاڕەوە دورە، ئۆتۆمبێلەکەی بردۆتە ناو بازاڕی شاری سلێمانی بۆ کڕینی پێداویستییەکانی، ئەو دەڵێت "ئەم شەقامەی لەلای جادەی قەناتەوە بۆ لای مزگەوتی گەورە دەچێت دورییەکەی قەرەباڵغی نەبێ بەیەک دوو خولەک دەبردرێت، بەڵام لەبەر مێزو عەرەبانە ڕێگە بەرناکەوێت، لەشەقامی کاک ئەحمەدی شێخەوە تا بەردەم مزگەوتی گەورە بیست خولەکم پێچوە، تا لەجەنجاڵیی ئەو شەقامە دەرچوم بێزار بوم".

حەمەسەعید کە دوکانی چایخانەی هەیە لەشەقامی مەولەوی لەبارەی زیادەڕۆیەکانی ئەو شەقامەی کاری تێدا دەکات، دەڵێت "لەبەر مێزو عەرەبانە سەر شۆستەکان گیراون‌و ڕێگە نیە بڕۆیت، بەتایبەت پیادەڕەو، ئەمەش ڕێگەی هاتوچۆی سەر شەقامەکانی شێواندوەو نازانیت چۆن بڕۆیت، ئەوە بۆ ئۆتۆمبیل هەر مەپرسە! بەهۆی عەرەبانەوە کە نەک هەر شۆستەکان، بەڵکو نیوەی شەقامەکەشیان گرتوە، وەک پێویست ئۆتۆمبیلیش ناتوانێت بڕوات، گەر بەم شێوەیەی ئێستا زیادەڕەوییەکان بەردەوام بێت‌و لایەنی بەرپرس ڕێوشوێنی پێویست نەگرنەبەر، ئەوە نەک هەر عەرەبانەو مێز بەڵکو ئۆتۆمبیل دێنن بەبارەوە ڕایدەگرن‌و شتی پێدەفرۆشن، خۆ کەس بۆی نیە پیان بڵێت بڕۆن بەولاوە! گەر قسەیەک بکەیت دە کەس دێن بۆت، ڕەنگە لێشت بدەن، دەڵێی شەقامەکەیان کڕیوە".

دیاکۆ کاری تەکیسی دەکات لەناو بازاڕ، ئەویش لەبارەی دۆخی ناو بازاڕو ئەو جەنجاڵییەی ڕوی لەشەقەمەکانی ناو شار کردوە، وتی "ئەم ئێوارەیە هاوڵاتییەک دەستی لێ ڕاگرتم تا لەشەقامی سەروو سەراوە بیگوازمەوە بۆ لای خانەقا، تا گواستومەتەوە سی خولەکم پێچوو، ئەو قەرەباڵغییە نەبوایە، تەنها دە خولەکم پێدەچو، نازانین چی بکەین؟ ناچاری نەبێت، کاری ڕۆژانەم لەسەر گواستنەوەی نەفەر نەبێت، بەسێ مانگ جارێک ناچمە ناو بازاڕ".

بەشێک لەهاوڵاتیان هۆکاری ئەم نارێکییە دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی هەلی کار کەوای کردووە، بەشێکی زۆری گەنجان هەوڵی دۆزینەوەی شوێنێک بدەن لەناوبازاڕدا بۆ ئەوەی بژێویی ژیانیان پێدابین بکەن.

هەڵۆ محەمەد لەبەردەم عەرەبانەکەیدا وەستا بوو لەشەقامی کاک ئەحمەدی شێخ، هاواری دەکرد سەوزە چواری بەهەزار دینار، ئەو وتی "چوار ساڵە خوێندنم تەواو کردوە کار نیە، چی بکەم؟ لەم جێگەیەدا لەگەڵ برا گەورەکەم کار دەکەم. ئەمە شوێن عەرەبانەی ئەوە. ماوەی بیست ساڵ دەبێت لەم شوێنەدا کار دەکات. شوێن عەرەبانەی دیکەش نەماوە تا عەربانەیەکی دیکە دابنێیم".

سەبارەت بەم دیاردەی داگیرکردنی شۆستەو زیادەڕۆییە لەناو بازاڕ، ئەندازیار عوسمان عارف، لێپرسراوی بەشی لابردنی زیادەڕەوی لە شارەوانی سلێمانی بەڕۆژنامەی "بازرگانی‌و پیشەسازی" ڕاگەیاند "من لەساڵی ٢٠١٣ تاکو ٢٠١٥ لەبەشی زیادەڕەوی شارەوانی سلێمانی بووم، بۆ ماوەی یەک مانگ ناو بازاڕی سلێمانیم پاک کردوە ئێستاش ڤیدیۆکانی ئەو کاتە ماوە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەڵام هەمووی مانگێکی خایاند، کێشەی دەستگێرەکانی ناوبازاڕ ئەوەیە ئێمە بە داتا لامانە نزیکەی دوو هەزار دەستگێرن، ئەم ژمارەیە زۆر زۆرەو زۆر حیزبو لایەنی سیاسی ئەم شارە دێنە سەر خەت‌و فشار دەکەن کە ڕێگرییان لێنەکەن، بەڵام من خۆم پلانم هەیەو قسەم لەگەڵ لەیلا خان بەڕێوبەری شارەوانی سلێمانیش کردوە، ڕاشکاوی وتومە ئەگەر بمانەوێت ڕێگریان لێ بکەین لەوەی شۆستەکان داگیر بکەن دەبێت سەرەتا نەهێڵین هیچ حیزبو لایەن‌و کەسێکی کاربەدەست دەستوەردان لە کێشەکەدا بکات، کەسانێک لەپلەو پۆستادان‌و دەسەڵاتیان هەیە بەرژەوەندیان لەوەدایە بارودۆخی بازاڕ بەم شێوەیە بێت".

لێپرسراوی بەشی لابردنی زیادەڕەوی لە شارەوانی سلێمانی جەغت لەوە دەکات کە، زۆر جار هەبووە هەڕەشە لەچاودێرانی شارەوانی کراوە لەسەر ئەوەی بەئەرکی خۆیان هەستاون، ئەو وتی "ئێمە مانگێک ڕێگریمان کرد سەرجەم لایەنە حیزبی‌و حکومییەکان لەسلێمانی هاتنە دەنگ لەسەریان، سەرجەم ئەو کاسبکارانە هاوڵاتی ئەم شارەن و ئەتوانن فشار دروست بکەن، بەڵام ئێستا دیاردەکە زیاتر تەشەنەی کردوە، دەبێت هەر ڕێگەیان پێ بدرێت کار بکەن بەڵام پێویستە سنورێکیان بۆ دابنرێت، بەم شێوازە هەڕەمەکییە نەبێت، هاوڵاتی هەیە ٢٠ مەتر چوارگۆشەی داگیر کردوە، هەیە جگە لەوەی خۆی ٢٠ مەتری داگیر کردوە، سێ ٢٠ مەتریشی داوە بە کرێ بەخەڵک، بەم شێوازە ناشیرینە مامەڵە بەموڵکی گشتییەوە دەکەن".

وتیشی "من پێمخۆشە بازاڕی سلێمانی وەک لەندەن بێت ئۆتۆمبیلشی پیا نەڕوات، هاوڵاتیان بەئیسراحەت بازاڕ بکەن، بەڵام بەداخەوە جگە لەوەی دیمەنی شار تێکدراوە، دەنگە دەنگ و ژاوەژاوی ئەو دەستگێرانە لەناو بازاڕ سیمای شاریان بەجارێ تێکداوە، بەڵام بەڕاشکاوانە دەڵێم ڕێگری کردن لەم دیاردەیەو کۆتایی پێهێنانی بەتەنها بەشارەوانی سلێمانی ناکرێت، پێویستی بە بەرنامەیەکی گشتگیرە، لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبێت هاوکار بن‌و حیزبەکان دەستوەردان نەکەن، ڕۆژانە سەرجەم حیزبە سیاسیەکان لەم زۆنەدا دەستوەردان لەکاروباری تیمەکانی شارەوانی دەکەن، من خۆم ناچمە ژێر باری ئەو فشارانەوە، پێویستە ئەم جارە بۆ هەمیشە کۆتایی بەم دیاردە ناشرینە بهێنین نەک بەتەنها بۆ مانگێک، پێویستە ئەو هاوڵاتیانەی کە زەوی گشتیان داگیرکردوە، ڕوبەری داگیرکردنەکەیان کەم بکەینەوەو کرێیان لێوەربگرین، بەتایبەتی لەگەڵ ڕێزمدا کە زۆربەی ئەو کەسانەی لەناو بازاڕدا زیادەڕۆییان کردووەو شۆستەو شەقامەکانیان داگیر کردووە، کاری دیکەیان هەیە وەک پۆلیسی یان کارمەندی هاتوچۆو کارمەندی ئاسایش، ئەگەر کەفوکوڵێک هەبێت بۆ کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە دەبێت ئەمجارە زوو دانەمرکێتەوە، من بەش بەحاڵی خۆم سێ مانگ جارێک ناچمە بازاڕ حەز بەو دەنگە دەنگە ناکەم، هاوڵاتی لە وڵاتان کە دەچێتە بازاڕ مێشکی ئارام دەبێتەوە، لێرە زیاتر ئازاری مێشکت ئەدەن".

## پرۆژەیەک بۆ ڕێکخستنەوەی شەقامو شۆستەکانی سلێمانی ئامادە دەکرێت

ئا: ڕێژەن سەردار

**مامۆستایەکی زانکۆ ئاماژە بەوە دەکات کە ماوەیەکی زۆرە سەرنج دەدات هیچ لێپێچینەوەیەک نییە بەرامبەر ئەوانەی شۆستەی شوێنە گشتییەکانیان لەناو بازاڕو دەوروبەری بەشێک لەکافتریاو ریستۆرانتەکانیان داگیر کردووە، ئەو دەڵێت "سلێمانی شێواوییەکی زۆری پێوە دیارەو پێویستی بەڕێکخستنەوەو سزادان‌و غەرامەکردنی هەر کەسێکە شۆستەو شەقامەکان داگیر بکاو پاکوخاوێنی ناو شار ڕانەگرێت".**

د.کارزان محەمەد، مامۆستای زانکۆی پۆلەتەکنیک بەڕۆژنامەی "بازرگانی‌و پیشەسازی" ڕاگەیاند کە وەک مامۆستایەکی دۆستی ژینگە ئەم پرۆژەیەی پێشکەش بەشارەوانی کردووە، ئەو وتی "لەشاری سلێمانی چەندین ساڵە ژمارەیەک دوکاندارو فرۆشیار شۆستەکان داگیر دەکەن یان دەیفرۆشن، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هاوڵاتیان ناچار بن بەسەر شەقامەکاندا بڕۆن، ئەو وتی "بۆیە پرۆژەیەکم پێشکەشی شارەوانی سلێمانی کردوە، بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی شەقامەکان‌و پاکوخاوێنی سلێمانی ڕاگرتنیان".

وتیشی "دوای ئەوەی کە چەند جارێک سەردانی سەرۆکی شارەوانی سلێمانیم کرد خۆشبەختانە ڕەزامەندی دا بەجێبەجێکردنی پرۆژەکەم، لەسەرەتادا هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەمان ئەنجامدا، هەر کاسبکارێک بەرپرسە لەپاکوخاوێن ڕاگرتنی چواردەوری ئەو شوێنەی کاری تێدا دەکات. من پرۆژەکەم وەک مامۆستایەکی زانکۆ پێشکەشی شارەوانی کردوەو ئامادەبووم بەخۆبەخشی سەرپەرشتیاری تیمەکان بکەم، زۆر سوپاسی بەڕێوبەری ئاسایشی سلێمانیش دەکەم کە پاڵپشتی خۆی ڕاگەیاند بۆ هەر حاڵەتێک پێویستی بە مەفرەزەکانیان بێت، لەگەڵ هاتوچۆی سلێمانیش قسەمان کردوە هەر ئۆتۆمبیلێک دوکەڵی شین بکات هاوڵاتیان دەتوانن هاتوچۆی سلێمانی ئاگادار بکەنەوە لەڕێگەی ئەو ژمارە تەلەفونانەی کە دایدەنێین، تاکو شۆفێرەکە ناچار بێت لەماوەی دوو هەفتەدا ئۆتۆمبیلەکەی چاک بکات".

د. کارزان جەغتی لەوەش کرد کە یەکێکی تر لەو خزمەتگوزاریانەی داوایان لەشارەوانی سلێمانی کردوە بیکات پڕکردنەوەی چاڵی شەقامەکان بووە، ئەو وتی "ناکرێت لەبەرئەوەی کارگەی قیر تاکو مانگی سێ داخراوە شەقامەکان چاک نەکرێن، داوامان کرد بەقیری سارد چاڵەکان چاک بکرێت، هەر هاوڵاتیەکیش کە چاڵێک هەبێت دەتوانێت پەیوەندیمان پێوە بکات تاکو بەقیری سارد چاڵەکە پڕ بکرێتەوە".

وتیشی "من ماوەیەک بۆ خوێندن لەتاران ژیاوم، لەهەژارترین گەڕەکەکانی تاراندا حکومەت ڕێگەی نەداوە هاوڵاتی‌و فرۆشیار یەک بست شۆستە داگیر بکەن، لێرەش هاوڵاتیان گەر بزانن سزاو غەرامە هەیە ناوێرن شۆستە داگیر بکەن، داواشم کردوە غەرامە کردن بەپارە نەبێت، بۆ نمونە غەرامەکە ئەوە بێت ژمارەیەک سەتڵی خۆڵ بکڕێت، واتا سزاکان بۆ چاککردنی ڕێگەو بانەکان‌و خزمەتکردنی ژینگە بێت".

د.کارزان ئەوەس روندەکاتەوە کە لە زانکۆی پۆلیتەکنینی سلێمانی تیمێک لەخوێندکارانی دروست کردوە لەموچەی خۆی، کیسەی خۆڵ‌و پێداویستیەکانی پاککردنەوە بکڕن بەمەبەستی خاوێنکردنەوەی زانکۆکەک، ئەو وتی "ئێستا وەرن بۆ زانکۆی پۆلیتەکنیک زۆر پاکو خاوێن ترە لەزانکۆکانی تری سلێمانی، چونکە ئامادەکاریمان بۆ ئەو کارە کردووە".

وتیشی "کتابمان کردوە بۆ داینگەو خوێندنگاکان دەبێت مناڵ ڕابهێنن لەسەر پاکوخاوێنی تاکو ئەگەر دایکو باوکیش شت فڕێ بدەن مناڵەکان ڕێگری بکەن بڵێن ئەم کارە هەڵەیە".

سەبارەت بەجۆری سزاو غەرامەکردنەکانی ئەو فرۆشیارو شوێنانەی سەرپێچی دەکەن، د.کارزان وتی "بەپرۆگرامی ئیکسڵ داتاکان داخڵ دەکەین، هەر کاسبکارێک جاری یەکەم ئاگادار بکرێتەوە ناوو شوێنی دوکانەکەی داخڵ دەکرێت، جاری دووەم ئەگەر هەڵە بکات سزا دەدرێت لەلایەن تیمەکانی شارەوانییەوە".


(٢٢) دوو شەممە ٢٠٢٣/١/١٦

# ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل لەسەر شۆستەی بەردەم کافتریاو مارکێتەکان ڕێیان لەڕێبوار بڕیوە

ئا: ڕێژەن سەردار

**ڕاگرتنی ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل لەسەر شۆستەکانی بەردەم کافتریاو مارکێتەکانی ئەوبەر ئەمنە سوورەکە تا دەکات بەفولکەی خاڵە حاجی‌و لەوێشەوە بەرەو یانەی ئەندازیاران، ڕێیان لەبەر ڕێبوار بڕیوە.**

هێمن، پیاوێکی تەمەن ٥٠ ساڵی دانیشتووی گەڕەکی ئاشتییە، سەرسوڕمانی خۆی بەرامبەر بەوە دەردەبڕێت کە زۆرجار دەمەو ئێواران یان شەوان لەماڵەوە دێتەدەر بۆ ئەوەی بچێت بۆ شەقامی سەهۆڵەکە یان ناو بازاڕ نازانێت بەکویدا بڕوات، ئەو وتی "سەرشۆستەکان هەموویان بەئوتمبێلی کەشخەو گرانبەها گیراون‌و ڕێ نییە بەسەریاندا بڕۆیت، شەقامەکانیش تا شەوێکی درەنگ فڕکان فڕکانی ئوتومبێلەو ناتوانی بەسەریاندا بڕۆیت، ئەبێ هەزار پێچە بەدەورەو ئەمسەرو ئەوسەر بکەیت تا ئەو شۆستەو شەقامانەی بەردەم کافتریاو شاورمەو مارکێتەکانی ئەو گوزەرە دەبڕیت کە لەفولکەی خاڵە حاجییەوە دەچێت بەرەو سەهۆڵەکە".

هێمن سەیری لەوە دێت کە چۆن ئەم شۆستانە بەوجۆرە ڕێگەدراوە بکرێن بەگەراجی ئۆتۆمبێل، ئەو وتی "زۆربەی ئەو ئۆتۆبێلانەی لەبەردەم کافتریاکاندا تا درەنگانێکی شەو لەسەر لا ڕادەگیرێن، هەمووی ئۆتۆمبێلی گرانبەهان، کەس نییە لێیانپرسێتەوەو پێیانبڵێت چۆن ڕێگەیان پێدراوە شۆستەکان کە موڵکی گشتین بکەن بەشوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان‌و ڕێ بەڕێبوار نەدەن پیاتێپەڕێت".

ئەردەڵان کە هاوڵاتییەکی دانیشتووی گەڕەکی عەلی ناجی‌و نزیکی کافتریاکانە، بەنائومێدییەوە باس لەوە دەکات کە گەڕەکیان کراوە بەگەراجێکی گەورەو کەسیش لێی ناپێچێتەوە، ئەو وتی "ئەو شەقامە گشتییەی نێوان فولکەی ئەمنە سوورەکە تا فولکەی خاڵە حاجی ژیانی تیا نەماوە، هەر لەعەسرو ئێوارەوە تا شەوێکی درەنگ نەک سەرشۆستەکان داگیر کراون، بەڵکو لایەکی شەقامەکانیش گیراون‌و ڕێبوارو شوفێریش ڕێییان نییە بەئاسانی بڕۆن".

سەبارەت بەم دیاردەی داگیرکردنی شۆستەیە، ئەندازیار عوسمان عارف، لێپرسراوی بەشی لابردنی زیادەڕەوی لە شارەوانی سلێمانی بەڕۆژنامەی "بازرگانی‌و پیشەسازی ڕاگەیاند کە دیاردەی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل لەسەر شۆستەکان زیاتر پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانیەوە هەیە، ئەو وتی "ئێمە نەدەتوانین مۆڵەت لەو شۆفێرانە وەربگرین کە ئۆتۆمبیلەکانیان لەسەر شۆستەکان پارک دەکەن، نە گەراجمان هەیە دەستبگرین بەسەر ئۆتۆمبێلەکانیاندا".

سەبارەت بەدەنگۆی ئەوەش کە کافتریاکان لەبەرامبەر ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل لەسەر شۆستەکانی بەردەمیان کە موڵکی گشتییە پارە وەردەگرن، لێپرسراوی بەشی لابردنی زیادەڕەوی لە شارەوانی سلێمانی وتی "ئەگەری هەیە ئەو دیاردەیە هەبێت، بەڵام تاکو ئێستا هیچ کەسێک سکاڵای تۆمار نەکردووە، نەشۆفێرێک هاتۆتە شارەوانی بڵێت پارەم لێوەرگیراوە بەناڕەوا یان هاوڵاتیەک بێت‌و سکاڵا بکات شۆستەکان داگیر کراوە، ئێمە دەتوانین خاوەن کافتریاو شوێنەکان ئاگادار بکەینەوە بەڵام ناتوانین بەشۆفێران بڵێین ئۆتۆمبێل ڕامەگرن ئەوە کاری برایانی پۆلیسی هاتوچۆیە، ئێمە ئەندامین لەلیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی دەکرێت هەموومان پێکەوە کار بکەین بۆ کۆتاییهێنان بەم دیاردەیە، بەڕاستی دیاردەیەکی ناشرینە کەسێک ئۆتۆمبیلێکی کەشخەو گرانبەهای هەبێت‌و بۆ پۆزلێدان بەشێوەیەکی ناشرین لەسەر شۆستەکان ڕایبگرێت‌و ڕێگری لەهاوڵاتیان بکات بەسەر شۆستەکاندا تێپەڕن".

> دیاردەیەکی ناشرینە کەسێک ئۆتۆمبیلێکی کەشخەو گرانبەهای هەبێت‌و بۆ پۆزلێدان بەشێوەیەکی ناشرین لەسەر شۆستەکان ڕایبگرێت‌و ڕێگری لەهاوڵاتیان بکات بەسەر شۆستەکاندا تێپەڕن

وتیشی "ئەمە زیاتر ئیشی پۆلیسی هاتوچۆیە ڕێگری لێبکات، چونکە تیایەتی کوڕی مەسئولەو چاودێرێک کە کوڕی هەژارە لای من ناتوانێت ڕێگری لێبکات‌و لەوانەیە کێشەشی بۆ دروستبکات یان تەقەشی لێبکات کە پێیبڵێ بۆ ئۆتۆمبێلەکەت لەسەر شۆستەکە ڕاگرتووە".



ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل لەسەر شۆستەکان

## جێگری بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی سلێمانی:

# ناتوانرێت هەلی کار بۆ ئەو کەسانە بڕەخسێنرێت کە بەشداری خولەکان دەکەن


خولی ڕاهێنان لەبەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی سلێمانی

**لەم سالانەی دواییدا وەک پێشتر ناتوانرێت هەلی کار بۆ ئەو کەسانە بڕەخسێنرێت کە بەشداری خولەکان دەکەنو بەهۆی بارودۆخی داراییشەوە لەساڵی ٢٠١٥ پێدانی قەرزی بچوک ڕاگیراوە**

ئا: ڕێژەن سەردار

**جەمال عەبدوڵڵا، جێگری بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی سلێمانی رایدەگەیەنێت "لەم سالانەی دوایـدا وەک پێشتر ناتوانرێت هەلی کار بۆ ئەو کەسانە بڕەخسێنرێت کە بەشداری خولەکان دەکەنو بەهۆی بارودۆخی داراییشەوە لەساڵی ٢٠١٥ پێدانی قەرزی بچوک راگیراوە".**

جێگری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی سلێمانی جەمال عەبدوڵا بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" رایگەیاند "بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی لەشاری سلێمانی خاوەنی زیاتر لە ٢٠ وەرشەیە، لەبوارەکانی بیناسازیو دورمانو کۆمپیتەرو ئاسنگەریو وەرشەی کارەباو فیتەریو دارتاشیو سالۆنی خانمانو سەرتاشییە، لەساڵی ٢٠٠٤وە دامەزراوە لەئێستادا خاوەنی ١١ ڕاهێنەری پیشەییە، کە لەلایەن وەزارەتی کارو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە زیاتر لە ٢٠٠ خولی ڕاهێنان بۆ بێکاران کراوەتەوە، خولەکان ٤٥ ڕۆژ دەخایەنێت سەلامەتی کارو یاسایی کار فێرخوازان دەکرێت".

راشیگەیاند "ڕاهێنەرەکان سەر بەوەزارەتی کاروکاریاری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، لەعێراقو دەرەوەی وڵات خولی تایبەتیان بینیەوەو ژمارەیان ١١ ڕاهێنەرە لەسەرجەم بوارەکاندا، فێرخواز داوای ئەوەی خولی ڕاهێنان تەواو دەکات لای ئێمە ناوەکەی دەنێرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی کار ئەوان لیژنەیان هەیە دەگەڕێن بەسەر شوێنکارەکانی کەرتی تایبەتدا، هەر خاوەنکارێک پێویستی بەکارمەند بێت فێرخوازەکان ئاگادار دەکرێنەوەو هەلی کاریان بۆ دەڕەخسێنێت، لەراستیدا لەم سالانەی دوایدا وەک پێشتر ناتوانرێت هەلی کار بۆ ئەو کەسانە بڕەخسێنرێت کە بەشداری خولەکان دەکەن، کە ناوەکان دەنێرین تا ڕادەیەک پشتگوێ دەخرێت، بەهۆی بارودۆخی داراییەوە لەساڵی ٢٠١٥ پێدانی قەرزی بچوک راگیراوە، پێش شەڕی داعش بەردەوام هەلی کارمان بۆ بەشداربووانی خوالەکان دەرەخساند".

ئاماژەی بەوەشدا، ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٢٣/١/٨ خولێک لەلایەن ڕێکخراوی WFP کرایەوە ٢٠ بواری پیشەیی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، ٣٠٠ فێرخواز بەکاتی بەیانیانو ئێواران بۆ سنوری پارێزگای سلێمانی دەتوانن بەشدار بن لەبوارەکانی (کۆمپیوتەر، کارەبا، تیلیکۆم (کامێرای چاودێریو سەرەتایەک لەنێتۆرک)، ئارایشگە، درومان، دەلاکی، چاککردنی مۆبایل، پێگەیاندنی دادەی باخچەی ساوایان، بازارگەریو خزمەتگوزاری کڕیار، بیناسازی، چاککردنی ئۆتۆمبێل" .

ئەوەشی خستەڕوو ئەو کەسانەی کە بەشداری لەخولەکانمان دەکەن دەبێت چەند مەرجێکیان تێدا بێت کە بریتین لە:

١/ دەبێت بەشداربوو بێکار بێت.
٢/ بەشداربوو نابێت خوێندکار بێت یان لەپرۆسەی خوێندن بەردەوام بێت.
٣/ بەشداربوو نابێت فەرمانبەر یاخود مووچەخۆری حکومەت بێت.
٤/ تەمەنی لەنێوان ١٨ بۆ ٤٥ ساڵ بێت.
٥/ بەشدار بوو دەبێت دانیشتووی سنوری شاری سلێمانی یاخود دەروبەری بێت.
٦/ دەبێت بەشداربوو سەرجەم ڕۆژەکانی خول ئامادە بێت جگە لەڕۆژانی پشووی فەرمی.



جێگری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی سلێمانی وتی "ئێمە لەکاتی کردنەوەی خولەکان بڕێک پارە دەدەینە بەشداربوان بۆ هاتوچۆ کردن، لەدوایین خۆماندا کە لەلایەن ڕێکخراوی WFP دەکرێتەوە ڕۆژانە بڕی ١٠ دۆلار دەدرێت بەفێرخواز بۆ هاتوچۆکردن، ڕۆژی وەرگرتنی بڕوانامەکە بڕیارە دیاری بدرێت بە بەشداربووان، کاتێک خولەکان لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە دەکرێتەوە بە بەهای (٨٠٠ تاکو ١٠٠٠ دۆلار) دیاری دەبەخشرێتە بەشداربووان دیارییەکانیش بریتین لەو ئامێرو کەرەستانەی کە خوێندکار خولی ڕاهێنانی لەسەر وەرگرتووە تاکو بتوانێت کاری لەسەر بکاتو گەشە بەتواناکانی بدات، بۆ نمونە کاتێک کەسێک بەشداری خولی خەیاتی دەکات، ڕێکخراوەکان (مەکینەیەکی دورمانو مەکینەیەکی ئۆفەرو شەش تۆپ قوماشو سێت مقەستو دەزوو) دەدرێت بە بەشدار بوو تاکو لەماڵەوە بتوانێک کار بکات".



# کێڵگە پەلەوەریەکانی کوردستان قوربانی ناکۆکی لەگەڵ بەغداو هاوردەی تورکیان

## ١٥٠ ملیاردینار زیان بەکێڵگە پەلەوەریەکان گەشتووە


ساڵانە بەرهەمی کێڵگە پەلەوەرییەکانو هێلکە لەکوردستان بەڕێژەی ٢٠% زیاد دەکات

ئا:زریان محەمەد

**کۆمەڵەی کێڵگە پەلەوەریەکان زیانی یەک ساڵیان بە ١٥٠ ملیار دینار دەخەملێنن لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان، سەرۆکی کۆمەڵەکەش هۆکارەکەی بۆ نەبونی پشتیوانیو بەبازاڕ نەکردنی بەرهەمەکەیانە لەلایەن حکومەتەوە دەگێڕێتەوە.**

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی "نەهار"ی لوبنانی کێڵگە پەلەوەریەکانی کوردستان قوربانی ناکۆکی لەگەڵ بەغداو هاوردەی تورکیان. رۆژنامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە بەرهەمی گۆشتو کێڵگە پەلەوەریەکانی کوردستان بەدەست کێبرکێ لەگەل بەرهەمی تورکی دەناڵێنن، ئەویش بەهۆی نەبونی سیاسەتی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی لەهەرێموبەغدا، بەرهەمی گۆشتی سپی لەکوردستان ساڵانە ٢٤٠ هەزار تەنە، کە ٩٠ هەزار تەنی بۆ عێراق دەنێردرێتو ئەوەش روندەکاتەوە کە ئەو گۆشتە سپیەی تورکیا بۆ ناوچەکانی تری عێراقی دەنێرێت، چوار ئەوەندەی هەرێمی کوردستانە کە بۆ عێراقی دەنێرێت.

نەهار جەغت لەوە دەکات کە لەهەر ناکۆکیەکی سیاسی نێوان هەرێمو بەغدا، حکومەتی ناوەندیی ڕێگری لەهاوردەی بەرهەمی هەرێم وەک چەک بەکاردەهێنێت، ئەمەش زیانێکی زۆر لەپرۆژە ستراتیژیەکانی هەرێم دەداتو دەڵێت "ساڵی رابردوو لیستی ئەم بەرهەمانەی کە لەکوردستان بەرهەم دێنهو عێراق ڕێگری لەهەناردەکردنیان بۆبەشەکانی تری عێراق دەکات، گەیشتە ٥٢ ماددە کە بەرهەمە ئاژەڵیەکان لەریزی سەرەوەن".
دەشڵێت " ساڵانە بەرهەمی کێڵگە پەلەوەریەکانو هیلکە لەکوردستان بەڕێژەی ٢٠٪ زیاد دەکات، لەکاتێکدا بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواو ژینگەوە ساڵی پار ٥٢٪ پرۆژە هاوشێوەکان لەعێراق دوچاری شکست بوون".

لەمبارەوە نازم عەبدوڵا جاف، سەرۆکی کۆمەڵەی کێڵگە پەلەوەریەکان بۆ رۆژنامەی "بازرگانی و پیشەسازی" وتی "لەسەرتاسەری کوردستان لەدهۆکەوە هەتا کەلار لەساڵی ٢٠٢٢دا ١٥٠ ملیار دینار زیان بەر خاوەن پرۆژەکان کەوتووە ئەو بڕەی دەیڵێین کەمترە، دڵنیاین کە ڕێژەکە لەوە زیاترە بەداخەوە ئەو زیانە زۆر گەورەو کوشندەیە، ساڵێکی پڕ نەهامەتی بوو بۆ خاوەن پرۆژەکانی کوردستان کە نرخی عەلەفو گازو غاز، نرخیان زۆر بەرز بۆوە، لەگەڵ ئەوەی لەساڵی ٢٠٢٣داین نرخی هەر کیلۆیەک مریشک بەرهەم هێنانی نزیکەی ٣ هەزار دینارە، بەڵام بەداخەوە بە ٢ هەزارو ٤٠٠ دینار دەفرۆشرێتو هیچ لایەنێکی پەیوەندیدارو هیچ لایەنێکی حکومەت ئامادە نییە پشتیوانمان بنو نەیەڵن ئەم کەرتە بکەوێت".

وتیشی "کێشەو گرفتەکانمان هەمیشە بەردەوامە، کێشەی سەرەکیمان بەبازاڕکردنە کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی تۆکمەی هەبێت کە مریشک بە بازاڕ بکات، واتا نە لەسەر هاوڵاتیان گران بکەوێت، نە خاوەن کێڵگ پەلەوەریەکان بەردەوام زەرەر بکەن، ئەم کەرتەی ئێمە بەندە بەئاسایشی خۆراکەوە، بۆیە حکومەت گەر بەخەم ئەم کەرتەوەیە پێویستە تێچون کەم بکاتەوە ئەوەش بەهەرزانکردنی بڕی تێچونو چاودێری کارگەکانی عەلەف بکرێت کە هەریەکێکیان بەنرخێک دەیفرۆشێت، ٣٨ کارگەی عەلەف هەیە هەریەکەی نرخێکەو تا ئێستا غازو گازمان بۆ دابین ناکرێت کە ئەوە گرفتی هەموو پرۆژەکانە لە وەرزی سەرمادا".

ئەوەش ڕوندەکاتەوە "خاوەن پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی مریشک لەکۆی ١٢ مانگ تەنها یەک مانگ قازانج دەکات، لەکاتێکدا ئێمە وەبەرهێنین کە لەهەموو جیهاندا وەبەرهێن ناهێڵدرێت توشی زیان بێت، بەڵام ئێمە خەمخۆرمان نیەو بەردەوام لەزەرەرداین، لەکاتێکدا ٤٠٠ هەزار تۆن بەرهەمی مریشکمان هەیەو خۆمان لەناوخۆدا پێویستمان بە ١٥٠ هەزار تەنە، ئەگەر حکومەتی هەرێم تێچوو کەم بکاتەوە، ئەوا مریشک رەوانەی وڵاتانی دراوسێشی دەکەین بۆیە حکومەت دەبێت ئەم کەرتە ڕێکبخاتەوەو دەرفەتی کاری زیاتر بڕەخسێنین، بۆیە حکومەت نابێت لەوە زیاتر بێدەنگ بێت، نابێت مریشکی بەستوو هاوردە بکرێت کە زیانی زۆری لێداوین بۆیە داواکارم لەوەزارەتی پێشمەرگەو تەندروستیو چێشتخانەو ڕێستۆرانتەکان بەرهەمی ناوخۆی بەکاربهێننو حکومەت فشاری زیاتر بکات بۆ پشتیوانی بەرهەمی ناوخۆیی".

نازم جاف وتی "حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێری لەهاوردە کردنی ڤاکسینو ڤیتامینو دەرمان ناکات، ئەوانەی هەیە کوالێتیان کەمە، خراپی جوچکو ئەو هێلکانەی دێن بۆ تروکاندن باش نیە، چونکە چاودێری باشی ناکرێت، هەربۆیە لێرەوە داوا دەکەم لەساڵی ٢٠٢٣دا حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان چاوێک بەم کەرتەدا بخشێننەوەو هەندێک تێچوو هەیە هەرزانی بکەنو پشتیوانی ئەم کەرتەی ئێمە بێت".

**کێشەی سەرەکیمان بەبازاڕکردنە، دەبێت حکومەی هەرێم پلانی تۆکمەی هەبێت کە مریشک بەبازاڕ بکات، واتا نە لەسەر هاوڵاتیان گران بکەوێت، نە خاوەن کێڵگ پەلەوەریەکان بەردەوام زیان بکەن**

# پێشانگایەکی نێودەوڵەتی تایبەت بەئۆتۆمبێل لەسلێمانی دەکرێتەوە

**ئا: ڕێژەن سەردار**

**ئاوات بایز عەزیز، بەڕێوەبەری لقی عێراقی کۆمپانیایی ویرا لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "بازرگانی و پیشەسازی" دەڵێت "پێشانگاکە لەبەرواری ١٥ بۆ ١٨ شوبات دەکرێتەوە، کە کۆمپانیاکان نوێترین تەکەنەلۆژیاو بەرهەمەکانیان نمایش دەکەن، ئامانجمانە کە کێبڕکێ هەبێت لەنێوان کۆمپانیاکان بەمەبەستی پێشکەشکردنی داشکاندن و ئۆفەرو خزمەتگوزاری باشترو کوالێتی بەرزتر بەهاوڵاتیان، دەمانەوێت کڕیارو فرۆشیار لەنزیکەوە بەیەکتر ئاشنابن و ئۆتۆمبێل و پێداویستییەکانی ڕاستەوخۆ لەکۆمپانیاکان بکڕن بەنرخێکی گونجاوتر".**

**بازرگانی و پیشەسازی:** کۆمپانیاکان لەچەند وڵاتەوە بەشداری دەکەن و هیچ براندێکی عێراقی هەیە؟

**ئاوات بایز:** هەر براندەو لەوڵاتێکەوە بەشدارن، ئۆتۆمبێلی ئەمریکی و ئەڵمانی و ژاپۆنی و چینی نمایش دەکرێت، هەندێک ئۆتۆمبێل هەیە براندەکەی هی وڵاتێکەوە لەوڵاتێکی دیکە پارچەکانی دەبەسترێت واتا بەرهەمی چەند وڵاتێکە بەهاوبەشی، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا لەعێراق هیچ براندێکی ئۆتۆمبێل نیە کە ئۆتۆمبێل دروستبکات، پارچەکانی ئۆتۆمبێل و ڕۆن و هایدرۆلیکش لە١٤ وڵاتی جیاوازەوە بەشدارن.

**بازرگانی و پیشەسازی:** چەند جۆر ئۆتۆمبێل لەپێشانگاکە نمایش دەکرێت؟

**ئاوات بایز:** کۆمپانیاکان ئۆتۆمبێلی مۆدێل ٢٠٢٢و ٢٠٢٣ نمایش دەکەن، بەکۆی گشتی نزیکەی ٨٠ جۆر ئۆتۆمبێل و ماتۆر نمایش دەکرێت.

**بازرگانی و پیشەسازی:** هۆکار چیە سلێمانیتان هەڵبژارد بۆ کردنەوەی ئەم پێشەنگایە؟

**ئاوات بایز:** سلێمانی بەشێکی گرنگو کاریگەرە لەبازاڕی عێراق، بەگوێرەی توێژینەوەکانیش بازاڕی عێراق و ئەفریقا لەداهاتوویەکی نزیکدا دەبنە بازاڕێکی زۆر باش بۆ فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی وڵاتان، لەبەرئەوەی لەعێراق هیچ کۆمپانیایەک نیە ئۆتۆمبێل دروست بکات، کۆمپانیاکان بەگشتی چاویان لەسەر بازاڕی عێراقەو گرنگی تایبەتی پێئەدەن، تاکو ئێستا لەسلێمانی پێشەنگای ئۆتۆمبێل نەکراوەتەوە. ئێمە بەگرنگو پێویستمان زانی ئەم پێشەنگایە بکەینەوە لەبەرئەوەی شاری سلێمانی لەگەشەی بەردەوامدایەو کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێل و پارچەکانی و ڕۆن و هایدرۆلیک چاویان لەسەر سلێمانییە، ئێمە سەرجەم ژوورە بازرگانیەکان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی عێراق و کوردستانمان بانگێشت کردوە بەشداری لەم پێشەنگایەدا بکەن، هیوادارین پێشەنگاکە ببێتە زیادبوونی جوڵەی بازرگانی لەسلێمانی.

**بازرگانی و پیشەسازی:** ئەو چالاکیانە چییە کە لەپێشانگاکەدا ئەنجام دەدرێت؟

”

**لەهەموو دنیادا پێشانگا بەرەو تایبەتمەندی دەچێت، ئۆتۆمبێلیش بەشێکی گرنگە لەژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان**

**ئاوات بایز:** لەهەموو دنیادا پێشانگا بەرەو تایبەتمەندی دەچێت، ئۆتۆمبێلیش بەشێکی گرنگە لەژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان، لەعێراق هێڵی شەمەندەفەرو گواستنەوەی گشتی لاوازە بۆیە کۆمپانیاکان لەم پێشەنگایەدا، چەندین ئۆفەرو داشکاندنی ناوازە پێشکەشی کڕیاران بکەن، دیارییەکان بریتی دەبێت لەپێدانی ژمارەی بێ بەرامبەر یاخود خزمەتگوزاری بێ بەرامبەر بەهاوڵاتیان، کە ئەمەش لەکۆمپانیەکەوە بۆ کۆمپانیایەکی دیکە جیاوازە، کۆمۆپانیاکان دەتوانن گۆڕانکاری مۆدیل و جۆرەکانی ئۆتۆمبێل و پێداویستیەکانی بۆ هاوڵاتیان ڕوونبکەنەوە، خوازیارانی ئۆتۆمبێلیش دەتوانن بەشدار بن، هیوادارین هاتوچۆی سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی گومرگو لایەنە پەیوەندیدارەکانیش نوێنەری خۆیان لەپێشەنگاکە دابنێن کە ئێمە شوێنی تایبەتیان بۆ دیاری دەکەین و لەڕێگەی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانییەوە بانگهێشتی فەرمیان بۆ دەنێرین تاکو بتوانن وەڵامی سەرنج و پرسیارەکانی خاوەن کۆمپانیاکان و نوێنەری براندەکان بدەنەوەو کێشەو گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکەن.

**بازرگانی و پیشەسازی:** هیچ کێشەو گرفتێکتان هەیە؟

**ئاوات بایز:** لەتەواوی عێراقدا ٣ پێشانگای تایبەت بەئۆتۆمبێل هەیە لەهەولێرو بەغداو سلێمانی، کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێل دەیانەوێت بەشێوازی قیست ئۆتۆمبێل بفرۆشن بەهاوڵاتیان، بەڵام نەبوونی بانک بەشێوەیەکی چالاکو کاریگەر کێشەی دروستکردوە بەتایبەتی لەشاری سلێمانی کەرتی بانک زۆر زۆر لاوازە، لەهەولێر بارودۆخ باشترە ئەمە کێشەی سەرەکییە.

**بازرگانی و پیشەسازی:** داواکاریتان چیە لەلایەنە پەیوەندیدارەکانی سلێمانی؟

**ئاوات بایز:** سوپاسی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین تاکو ئێستا داواکاریمان نەبووە لێیان، بەڵام خوزیارین ئاسانکاریی زیاتر بۆ بازرگانان بکرێت و ڕۆتین کەم بکرێتەوە، زۆر سوپاسی بەڕێزان کاک سیروان محەمەد سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی و کاک یاسین ڕەحیم جێگری سەرۆک دەکەین کە هەمیشە هاوکارو پاڵپشتمان بوون لەکارەکانماندا.

**بازرگانی و پیشەسازی:** حکومەت و پارێزگای سلێمانی تا چەند هاوکاری و کارئاسانیی بۆ کردون؟

**ئاوات بایز:** لێرە هەموو شتێک دەکەوێتە سەر ئەرکی کۆمپانیاکەمان سەرجەم کارەکان خۆمان دەکەین، بانگهێشتنامەی فەرمیمان بۆ بەرپرسان ناردووە هیوادارین بەشداری بکەن، لەپێناو گەشەی ئابوری شاری سلێمانیدا.

**بازرگانی و پیشەسازی:** جیاوازی و تایبەتمەندی ئەم پێشەنگایە لەچیدایە؟

**ئاوات بایز:** لەشاری سلێمانی چەندین کۆمپانیاو پێشانگا هەیە کە سەرقاڵی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلن، بەڵام زۆربەی ئەم پێشانگایانە هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێک دەکڕن و دەفرۆشن لەم پێشانگایەی ئێمەدا براندەکان تەنها ڕیکلام و بازاڕگەری بۆ بەرهەمەکانی خۆیان دەکەن، لەئێستادا لەهەموو جیهاندا ئۆتۆمبێلی چینی لەگەشەسەندن و بەرەوپێشچوندایەو خواستی زۆری لەسەرەو کێبڕکێ براندە بەناوبانگەکان دەکات کە ساڵانێکی زۆرە بازاڕی ئۆتۆمبیلیان قۆرغ کردوە، لەم پێشەنگایەدا گرنگی تایبەت بە ئۆتۆمبیلی چینی دەدرێت و کۆماپنیاکانی ئەو وڵاتە ڕاستەوخۆ تایبەتمەندی ئۆتۆمبیلەکانیان بۆ هاوڵاتیان ڕوندەکەنەوە، لە ئێستاشدا چەندین کۆمپانیای چینی ئۆتۆمبیلەکانیان لە هەرێمی کوردستان دەفرۆشن.



ئۆتۆمبێل خواستی لەسەرە



# ئەندازیارێکی شاری سلێمانی چەندین جۆر دیزاینی ئۆتۆمبێل دروست دەکات

**ئا: زریان محەمەد**

**ئەندازیارێکی شاری سلێمانی چەندین جۆری دیزاینی ئۆتۆمبێل ئامادە دەکات و داوا دەکات حکومەت و وەبەرهێنەران هاوکاریان بکەن و پشتیوانییان بکەن بۆ زیاتر ناساندنی کارەکانیان و پێشخستنی کەرتی پیشەسازی ئۆتۆمبێل.**

ئەندازیار سەروەر عەلی سعید، دیزاینەرو مۆدێلەری ستایلی ئۆتۆمبێل بەڕۆژنامەی بازرگانی و پیشەسازی ڕایگەیاند "لەساڵی ٢٠١٤وە دەستمکردووە بەدیزاین و مۆدێل کردنی شێوەی دەرەوەی ئۆتۆمبێل بە بەکارهێنانی بەرنامەی سێ ڕەهەندی کۆمپیوتەری تایبەت بەو بوارە، لەو بەرنامانەش، بەرنامەکانی، Visi , Alias Speedform Rhinoceros Autodesk Alias Autostudio هەروەها بەرنامەی ڕێندەرین KeyShot".



دیزاینی ئەو ئۆتۆمبێلانەی ئەندازیارێکی شاری سلێمانی دروستی کردون

”

**هیوادارم بتوانم کارەکانم نمایش بکەم لەپێشانگایەکدا بۆ ناسینیان بەخەڵکو کۆمپانیا جۆراو جۆرەکانی ئۆتۆمبێل**

دەربارەی ناردنی دیزاینی ئۆتۆمبێلەکانیان بۆ کۆمپانیا جیهانیەکان، ئەندازیار سەروەر وتی "هەوڵم داوە لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئەوروپی و ئەمەریکی و چینی، کارەکانم بگەیەنمە دەستیان و هەندێکیان هەرچەندە لایان پەسەند بووە، بەڵام بەکرداری هیچ هەنگاوێکیان نەناوە تا بچمە ناو کاری بەشداریکردن و کارکردن لەگەڵیاندا ، بۆیە تا ئێستا دیزاینەکانم هەر لەدووتوێی ئەرشیفی کۆمپیوتەردا ماوەو نەچوەتە دەرەوە. بۆیە هیوادارم بتوانم کارەکانم نمایش بکەم لەپێشانگایەکدا بۆ ناسینیان بەخەڵکو کۆمپانیا جۆراو جۆرەکانی ئۆتۆمبێل".

وتیشی "پێویستمان بە پاڵپشتی و کۆمەکی مادی هەیە لەلایەن حکومەت یان سەرمایەدارانەوە کە بیانەوێ لەم بوارەدا کار بکەن، هەروەها دامەزراندنی ستۆدیۆی تایبەت بەبواری دیزاینی ئۆتۆمبێل و هێنانی کەسانی دیکەی ناوخۆیی کە سەلیقەی دیزاینی سێ ڕەهەندیان هەیە لەم بوارەدا، تا ئێستا بەتەنها بەتوانای زۆر کەمی خۆم ئەو بەرهەمانەم ئەنجام داوە کە هەروەک وتم تەنها لەدووتوێی کۆمپیوتەرو سۆشیال میدیادا ماوەتەوە. هەوڵمان ئەوەیە کە بچێتە دەرەوەو بکرێتە کرداری ئەگەر کۆمەکی حکومی یان سەرمایەداران هەبێت".

ئەوەش ڕوندەکاتەوە کە "پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بدات بەم بوارەو لەگەڵ تیمی دیزاینەرانی ئەم بوارە هەوڵ بدات بۆ هێنانەکایەی مۆدێل و براندی تایبەتی کوردی کە هێماو شێوازی مۆرکی ناوچەو مێژووی کوردی تیا بەرجەستە کراو بێت، بۆ ناساندنی کورد بەدەرەوە کە کوردیش میللەتێکە خاوەن عەقڵیەتی شارستانی و داهێنانە، بەڵام پێویستی بەیارمەتی و هاندانی حکومەت هەیە، بەپێچەوانەوە هەموو بیرۆکەکان و داهێنانەکان بزر ئەبن و نابنە پێناسە بۆ هەرێمی کوردستان و میللەتی کورد".

ئەو ئەندازیارە دەربارەی دروستکردنی پیشەسازی لەهەرێمی کوردستان جەخت دەکاتەوە "گرنگیەکەی ئەوەیە کە ئێمەی کوردیش ئامانجمانە بگەین بەپیشەسازیە پێشکەوتووەکانی سەردەم تا بەدابڕاوی و تەنها وەکو بەکاربەر نەمێنینەوە، ئەمە سەرڕای ئەوەی ئەم بوارە هەر لەدیزانەوە تا دەگاتە پیشەسازی و بەرهەمهێنانی توێژێکی زۆر لەخەڵکانی خاوەن بەهرەو پسپۆڕە جیاجیاکان و دەستی کاری ناوخۆیی ئەخاتە گەڕو داهاتیشی بۆ وڵاتەکەمان ئەبێت، ئەکرێت ئەم بوارە بەکۆمەکو هاوکاری کۆمپانیا دەرەکییەکانی ئەو بوارە بخرێتە سەر پێ و ببێتە واقیع، بەڵام تا ئێستا ئەم بوارە هیچ لایەکی لێ نەکراوەتەوەو تەنها وەک بەکاربەر ئۆتۆمبێلمان بەکارهێناوەو نەقدینەی قورس (عملە صعبە) ی وڵاتەکەمان بەفیڕۆچووە لەهێنان و بازرگانی ئۆتۆمبێلدا. بەدیهێنانی ئەو ئامانجە ئەو زیانانەش لەئابوری هەرێم و وڵاتەکەمان کەم ئەکاتەوەو بەتێپەڕینی کات نامێنێ".

ئاماژە بەوەش دەکات "بۆ توانای دەوڵەتی عێراقیش، وەک ئەزانین لەڕابوردوودا عێراق وڵاتێک بووە تەنها مۆنتاژی چەند جۆرە ئۆتۆمبێلێکی کردووە، کە لەڕووی میکانیکیەوە کۆمەکو سپێرو پاتری لەکۆمپانیا جیهانیەکانی وەک سکانیاو کۆمپانیاکانی فەرەنساو ژاپۆن وەرگرتووە، لەو مۆدێلانەش عێراق ئەوسا مۆنتاژی کردووە، کە دەگەڕێنەوە بو ساڵەکانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو، بریتی بوون لەپاسی ٤٠ نەفەری و ١٨ نەفەری ڕیم، کە تا ئەم ساڵانەی نزیکیش لەهەرێمی خۆمان بەکارهاتوون، هەروەها گەڵابەی (صلاح الدین) کە دیزاین و مۆتۆڕی فەرەنسی بوو، ئەمە بێجگە لەتراکتۆرسازی لەوانە تراکتۆری عەنتر. ئێستا عێراق نازانین تواناییەکانی چەندە لەم بوارەدا، بەڵام ئێمە خواستو ئامانجمان ئەبێ زۆر لەوە زیاتر بێت و هەوڵی دامەزراندنی ناوەندێک بدەین بۆ توێژینەوە لەو بوارەداو بەدیهێنانی براندی میللی کوردی لەبواری دیزاین و پیشەسازی ئۆتۆمبێلدا".






# سلێمانی پێویستی بەسەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیە



ئاراس عەبدولکەریم مەعروف

ئەم ڕۆژانە سلێمانی بەهەلومەرجێکی تایبەتدا تێدەپەڕێت، لەکاتێکدا هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی شار هەر بەوجۆرەی چەند ساڵێکە هاتووە، لەسایەی پشێویی و پاشاگەردانیدا ڕۆژگاری بەسەرببات، لەبەرامبەردا هەوڵو کۆششێکی ڕاستگۆیانە لەئارادایە بەمەبەستی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەو تەرتیب کردنەوەی کۆی کایەکانی ژیانو هەموو ئەو دۆسیە ئاڵۆزانەی کە ساڵانێکە بەهۆی ئەنجامنەدانی چاکسازییەکی بنەڕەتییەوە لەسەر یەک کەڵەکە بوون.

دیدارەکانی ئەم دواییەی سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ هاوڵاتیانی سەر بەتوێژو چینە جیاوازەکانو لەنێویشیاندا بازرگانان، هەروەها کۆبوونەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراقیش لەگەڵ سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی، ئەو تروسکاییەن کە خەریکە لەکۆتایی تونێلەکەدا دەردەکەونو مایەی گەشبینیو دڵخۆشین بۆ ئەوەی هەموو بوارەکانی ژیانی ئابوریو کارگێڕییو سیاسی لەم شارەدا بکەونەوە سەر ڕێچکەی ڕاستو دروستی خۆیانو بەشێوەیەکی شیاوتر ڕێکبخرێنەوە، بەسەرنجدان لەوەی سلێمانی خاوەنی توانایەکی گەورەی مادیو مرۆییە لەهەموو بوارێکداو ئەوەی پێویستییەتی بۆ ئەوەی هەمیشە بەپێشەنگی بمێنێتەوە، سیستەمێکی ئیداری تۆکمەو هاوچەرخە.

ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەدوای ئەم دیدارو کۆبونەوانە، چاوەڕوانە چاکسازییەکی ریشەیی لەهەموو ئاستێکداو لەچوارچێوەیەکی سیاسیو قانونیدا ئەنجامبدرێت کە پشتیوانی سیاسیو کۆدەنگی کۆمەڵایەتی لەسەر بۆ دەستەبەر کرابێت، چاوەڕوانی ئەوەشین لەسەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە ترس لەدەرئەنجامی چاکسازی نەبێتە هۆکار بۆ ڕێگەگرتن لەچاکسازی بنەڕەتی، وەک بەڕێزیان بەڵێنی بەبازرگانان داوە.

سلێمانی ئیستا لەهەر کاتێکی دیکە زیاتر پێویستی بەسەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، لەپرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو ڕێگەوبانەوە بگرە کە لەئاستی خوازراوو پێویستدا نین، لەژینگەکەیەوە بگرە کە لەبەردەم پیسبووندایە، لەناوبازاڕەکەیەوە بگرە کە پڕاوپڕە لەژاوەژاوو ناڕێکیو پاشاگەردانیی بەشەقامو شۆستەکانیەوە دیارە، تا دەگات بەبرەودان بەسێکتەری پیشەسازی کە لەساڵانی ڕابردوودا لەئاستی عێراقدا یەکەم بووەو لەڕووی کشتوکاڵیشەوە پارێزگای سلێمانی خاوەنی هەزاران دۆنم زەوی چێنراوو هەزاران خانووی پلاستیکییە، لەڕووی گەشتیاریشەوە جوانترینو دڵڕفێنترین شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان لەخۆدەگرێت.

لەڕووی مرۆیشەوە، گەنجانی سلێمانی بەشێکی گرنگ لەگەنجانی خوێندەوارو کارامەو دەستڕەنگینو داهێنەری کوردستانو هێزی کارەکەی پێکدەهێنن کە دەکرێ باشترین سەرمایەگوزارییان لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە بەرەو ئایندەیەکی گەشو خۆشگوزەرانی ئاڕاستە بکرێت.

> گەنجانی سلێمانی بەشێکی گرنگ لەگەنجانی خوێندەوارو کارامەو دەستڕەنگینو داهێنەری کوردستانو هێزی کارەکەی پێکدەهێنن کە دەکرێ باشترین سەرمایەگوزارییان لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە بەرەو ئایندەیەکی گەشو خۆشگوزەرانی ئاڕاستە بکرێت



پارکی ئازادی

هاوکات لەڕووی سیاسیو ئەمنیشەوە، ئەم دۆخەی ئێستای سلێمانی وا دەخوازێ کە زۆر بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەم دۆخە پێویستی بەرەچاوکردنی تێپەڕاندنی قەیرانەکانە بەزووترین کات لەڕێگەی گرتنەبەری دیالۆگی عەقڵانییەوە، کە وڵات لەهەموو کێشەو قەیرانێک ڕزگار دەکات.

لەبیرمان نەچێت ئەگەر تۆ هاوڵاتیەک بیت لەوڵاتێکی دیموکراسیو پێشکەوتووداو بتەوێت خۆت بۆ سەرۆکایەتی وڵات هەڵبژێریت، گرنگترین مەرجی سەرکەوتنت ئەوەیە تۆ لەماڵەکەی خۆتدا کەسێکی سەرکەوتوو بیت، بۆیە دەڵێین فەرموو بیسەلمێنن کە دەتوانن سلێمانی بەشێوەیەکی وەها نمونەیی بەڕێوە ببەن، شایانی ئەوە بێت بۆ هەموو کوردستان ببێت بەسەرمەشقو نمونە.

ئەم هەوڵانەی سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەم ئانوساتەدا کە کوردستانو عێراق لەبەردەم وەرچەرخانێکی گەورەدان، دەرفەتێکی گونجاوە تا نمونەیەک لەحوکمڕانی جیاواز لەم ناوچەیەدا پێشکەش بکات، کە هەرێمی کوردستان بخاتە سەر ئەو ئاڕاستەیەی هەمومان دەیخوازین.

# کورتەیەک لەمێژووی دراو



شەن جەزا کەریم

لەسەر مێژووی دراو یاخود پارە چەندین ڕای جیاواز هەن، شارەزایانی بواری مێژوو هەندێکیان وەک (تشابۆرۆخا کۆسیمبا) مامۆستای بواری مرۆڤناسی (anthropology) لەزانکۆی ئەمریکی، ئەڵێت لەدوانزە هەزار ساڵ بەر لەئێستا مرۆڤ هەوڵی ئەوەی داوە کە داهێنانێک بکات بۆ دیاریکردنی بەهای کاڵاکان، هەندێ ئامرازی بەکارهێناوە کە ئەتوانرێ بەپارە ئەژمار بکرێت، هەروەها چینیەکان لەهەزارو سەد ساڵ (پ . ن) دراویان بەکارهێناوە، کە تایبەتمەندی خۆشیان هەبوە بەوەی دراوە کانزاییەکانیان لەناوەڕاستیدا کونی تیا بوە بەمەبەستی ئەوەی وەک مورو بهۆنرێتەوەو ئاسان بێت بۆ هەڵگرتنو پاراستنی لەونبون. یەکەمین شارستانیەتیش بون کە دراوی کاغەزیان بەکارهێناوە کە لەسەرەتادا وەک پسوڵەیەکی پاڵپشت کراو بوە لەلایەن بنەچەی (تانگەوە) ٦١٨—٩٠٧ زاین، کە حوکم ڕانی ئەو ڕۆژگارە بون، کە بەهایەکی زۆری هەبوە لەبەرئەوەی لەلایەن دەسەڵاتەوە پاڵپشتی کراوو متمانە پێدراو بووە، پاشان ئەوە بوە بەپارەی کاغەز ( BANK NOTE ).

هەروەها شارستانیەتی فارس لە سەردەمی ساسانیەکاندا لەپایەتختەکەیان (تەیسەفون) دراوی کانزایان بەکارهێناوە، هەروەها بەردی بەنرخو مرواریو سەدەفییان بەکارهێنەوە وەک بەهایەک بۆ کاڵا لەبری دراو.

شارستانیەتی میسر (فیرعەونیەکان)، شارستانیەتی سۆمەریەکانو بابلیەکان کانزاو مورو بەردی بەنرخیان لەبری پارە بەکارهێناوە.

بەهەمانشێوە مێژوونوسان باس لەوە دەکەن کە شانشینی لیدیا (٦٨٧ – ٥٦٤پ.ن) کە ئەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵەوەو بەشێکن لەنەتەوەکانی هندۆ ئەوروپی، شارستانیەتێک بون کە دراوی پارێزراو لەلایەن دەسەڵاتەوە دەرچوەو پاڵپشتی کراوە، بەپێشەنگی ئەو بوارەش ئەژمار دەکرێن.

لەدوای سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحییەوە بێزەنتیەکان سکەی کانزایان لێداوەو نەخشی خاچیان لەسەر هەڵکەندوە.

هەروەها لەدوای سەرهەڵدانی خەلافەتی ئیسلامییەوە دراوی زیوی پاک یان زێڕی تەواو پوخت وەک (درهەمی زیوو دیناری زێڕ) لێدراوە. ئەم نەریتە تا ئەمڕۆش لەزۆر وڵاتی جیهاندا پەیرەو ئەکرێت، کەوا سکەی زێڕ یان زیو لێئەدرێ. ئەم جۆرە دراوە بەهایەکی زیاترو بایەخێکی زۆرتری پێ ئەدرێ، کە تا ئەمڕۆش بونی هەیە.

لەهەمان کاتدا لیرەی زێڕی ڕەشادی کە لەسەردەمی عوسمانیەکاندا لەساڵی (١٨٤٤ تا ١٩٢٣) مامەڵەی پێوە کراوە، کەوا جێگەی قروشی گرتەوە، هەر سەد قروش بەرامبەر یەک لیرە هاوتا کراو لەهەمانکاتدا مامەڵەکردن بەقروشەوە بەردەوام بوو لە گەڵ سکەی پارە کە هەر چل پارە یەکسان بو بەیەک قروش. ئەم جۆرە پارانەی سەردەمی عوسمانلی تا ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستیش مامەڵەی پێوە ئەکرا، تا دراوی تازەی کۆماری لەعێراق دەرچوو.

لەگەڵ هەموو ئەم گۆڕانکاریانەشدا لیرەی ڕەشادی تا ئەمڕۆ بەهایەکی دیاری خۆی هەیە لەبازاری زێڕداو لەئاستی پلەی کۆمەڵایەتیشدا، ئەم جۆرە پارانە کارگەکانی سکەلێدان بەملیۆنان لەو دراوە کانزاییە بەنرخانە بەرهەمدێنن وەک دراوی زیوینی کەنەدایی، کە پاکی زیوەکەی (٩٩،٩٩٪)یە، وێنەی گەڵایەکی گەرچەکی لەسەر نەخشێنراوە.

هەروەها دراوی ئەمریکی کە لەتێکەڵەیەکی کانزایی داڕێژراوە وێنەی بازێکی زێڕینی ئەمریکی لەسەر نەخشێنراوە.

لەئێستادا لەزۆر وڵاتانی جیهاندا مۆزەخانەی دراو هەیە وەک فەرەنسا، تورکیا، شانشینی سعودیە.

ئەمە سەربوردەیەک لەمێژووی دراو بوو، ئێمەش خوازیارین ئەو ڕۆژە ببینین کە سکەی کوردی لێئەدرێ.

> لەدوانزە هەزار ساڵ بەر لەئێستا مرۆڤ هەوڵی ئەوەی داوە کە داهێنانێک بکات بۆ دیاریکردنی بەهای کاڵاکان، هەندێ ئامرازی بەکارهێناوە کە ئەتوانرێ بەپارە ئەژمار بکرێت



# گرنگی توێژینەوەی زانستی لەبواری کشتوکاڵدا



وەسفی خەلیل ئیسماعیل

سەرەتا بەباشی دەزانین پیناسەیەکی توێژینەوەی زانستی بکەین، دەتوانین بڵێین ئەو هەوڵە سیستماتیکییەیە بەمەبەستی گەیشتن بەئەنجامێک کە ببێتە مایەی پێشخستنی بوارێکی زانستی یان کۆمەڵایەتی لەهەمانکات هەوڵێک بێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەیەک کە ڕوبەڕوی کۆمەڵگا بۆتەوە یان چاوەڕوان دەکرێت لەداهاتودا ڕوبەڕووی ببێتەوە وەکو ڕێگری لەسەرهەڵدانی پەتایەکی وەکو کۆڤێد ١٩ یان سەرهەڵدانی ئاریشەی گۆڕانکاریی ئاوهەوای زەوی یان هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا یان ئەنجامە نەرینیەکانی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەویو چۆنیەتی چارەسەر کردنی دەرهاوێشتەکانی، سازدانی توێژینەوە بەهەردوو ڕووەکەیەوە واتا ڕووداوە هەنوکەیەکانو چاوەڕوانکراوەکان کە مەبەست لێی دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەرە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، دیارە هەر توژینەوەیەکی زانستی پێویستی بەچەندین سەرچاوەیە کە پێشتر ئیشی لەسەر کرا بێت، بەڵام ئەو توژێنەوانەی کاری لەسەر نەکرابێت پێشینەی نەبێت وەکو ئەرکەکەی زۆر ئاڵۆزترە، لەوەی زەمینەیەکی لەباری هەبێت، ئەمڕۆ یەکێک لەپێوەرەکانی پێشکەوتنی وڵاتانی جیهان ئەوەیە چەند توێژینەوەی لەساڵێکدا تیدا ئەنجام درابێتو چەند توانای مادی بۆ تەرخان کرابێت.

ئەگەر ئاوڕ بدەینەوە لەخشتەی توێژینەوەی وڵاتان بەڕوون و ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت ئاستی پێشکەوتنی وڵاتان چۆنە، لەهەمان کاتی ئاستی دواکەوتوییو کۆڵەواری ئەو وڵاتانەشمان بۆ دەردەکەوێت کە گرنگیان بەم بوارە نەداوە. لێرەدا پێمانباشە ڕیزبەندی وڵاتان بخەینە بەرچاو لەڕووی گرنگیدان بەتوێژینەوی زانستی بەپێی ماڵپەڕی stastitaی ئەمریکی بۆ ساڵی ٢٠١٨ بەم شیوەیەی خوارەوەیە:

١- وڵاتی چین لەریزبەندی یەکەم دێت ئەوەش بە ٥٢٨ هەزار و ٢٦٣ توێژینەوە وتاری زانستی بڵاوکردوەتەوە.

٢- وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دووەم دێت ٤٢٢ هەزار و ٨٠٨ توێژینەوە وتاری زانستی بڵاوکردوەتەوە.

٣- لەڕیزبەندی سێهەم وڵاتی هندستان دێت ئەویشش بەبڵاوکردنەوەی ١٣٥٧٨٨ وتارو توێژینەوەی زانستی.

٤- وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بەسەرجەم نزیکەی ٦٢٢ هەزار وتاری زانستیو توێژینەوەیان بڵاوکردوەتەوە بەمەش نزیکەی لە ٢٥٪ سەرجەم وتارە زانستیەکانی جیهان پێکدێنێت.

لێرەدا دەبێت ئەو ڕاستیەش ئاشکرا بکەین وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٨ پێشی هەموو وڵاتانی دابۆوە بە ٣٩٤ هەزارو ٩٧٩ وتاری زانستی، بەرانبەر بە ٢٤٩ هەزارو ٤٩ وتاری زانستی لەلایەن وڵاتی چینەوە.

لەوانەیە پرسیارێک بێتە ئارا، ئەگەر ئەم هەموو توێژینەوە زانستیانە لەجیهان ئەنجام درا بێت، ئایا ئیمە ئیتر پێوستیمان بەتوێژینەوە هەیە؟

بێگومان ئیمەش دەبێت هەوڵی خومان بدەین لەم بوارەدا بۆ ئەوەی خۆمان بگەیەنینە ئاستی وڵاتانی پشکەوتوی جیهان، بۆیە دەبێت ئێمەش هەنگاو هەڵگرینو برەو بەتواناکانی خۆمان بدەینو خۆمان لەڕووی زانستیەوە ڕۆڵی خۆمان دەرخەین، ئەمە لەلایەکو لەلایەکی تر هەندێ توێژینەوە هەیە ڕاستەوخو پەیوەندی بەخودی هەر وڵاتێکەوە هەیە، لەوانەیە لەوڵاتانی تر بەگرنگی نەزانن، بەتایبەت لەبواری کشتوکاڵ، وەکو چون ڕونو ئاشکرایە هەر وڵاتێک خاوەن جۆرێک کەشوهەواو خاکی خۆیەتیو خاوەن کەڵچەری کشتوکاڵی خۆیەتی. بۆیە دەبێت هەمیشە هەنگاو بەو ئاراستەیە بنێین چۆن بتوانین چ لەڕوی چۆنایەتی یان چەندایەتی بەرهەمی خۆمان بەرەو باشتر بگۆڕینو ڕەچاوی زیاد بوونی دانیشتوانی وڵاتی خۆمان بکەینو گرینگی بدەین بە بەها خۆراکیەکانی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانمان، لەهەمانکات ڕێگری بکەین لەئاکارە نەرینیەکانی گۆڕانکاریی کەشوهەوای زەوی کە لای خومان سەرەتاکانی دەرکەوتووە وەک بەرزبونەوەی پلەی گەرماو وشکەساڵیو ناڕێکی لەبارینی باران لەوەرزەکانی داباریندا. ئەمە وامان لێدەکات هەڵوێستەیەک بکەین لەگۆڕینی شێوازی چاندنو دیاریکردنی ڕێوشوێنی گونجاو بگرینەبەرو کەمترین ئاوی تێدا بەکاربێت یان دەستنیشانی چ جۆرە بنەتۆوێک بکەین بگونجێت لەگەڵ ئەم گوڕانکارییە. هەروەها ڕێوشوینی گونجاو بدۆزینەوە بۆ کۆکردنەوەی ئاوو ئیدارەدانیو هەوڵ بدرێت ئاستی ئاوی ژێرزەوی بەرزبکرێتەوە. ئەم ڕێوشوێنانە پێویستی بەتوێژینەوەی زانستییە نەک هەر ئەمە، بەڵکو دەبێت سود لەتوێژینەوە زانستیە جیهانیەکان ببینین، ئەوانەی گوزارشت لەگۆڕانکاری کەشو هەوا دەکات، هەروەها هەوڵبدرێت بەشداری لەکۆڕو کۆبونەوە جیهانیەکان بکرێت، خەڵکانی پسپۆر تێیدا بەشدار بێت، دیارە ئەو کوڕو کۆبونەوە جیهانیانە سەبارەت بەکەشوهەوا ئەگەر لەئاستی کۆنفرانسی داڤۆسو کونفرانسی ئاشتی میشنی ئەڵمانیا زیاتر نەبێت کەمتر نیە.

لێرەدا دەبێت چەند ڕاستیەک بخەینەڕوو ئەوەش ئەوەیە چ لەعێراق بەکوردستانیشەوە یان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ئێستا گرنگی ئەوتۆ نەدراوە بەتویژینەوەی زانستی، هۆکارەکەش دەگەڕیتەوە بۆ پشتگوێ خستنی زانستو زانیاری بەگشتی، تا ئێستا نەتوانراوە سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستی لەسەر ئاستی ئەم وڵاتانە پێکبێتو بەشێوەیەک هەموو مەڵبەندە زانستییەکان بەیەکەوە گرێ بدرێت بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی زانستی لەنێوانیان بکرێت، لەهەمانکات گرنگی بەدابین کردنی ئامێرو دەزگای تایبەتی توێژینەوە نەدراوە، بۆ نمونە پەیوەندیەکی سست هەیە لەنێوان زانکۆکان لەلایەکو لەگەڵ سەنتەرە تویژینەوەکانی سەر بەوەزارەتەکان، بەتایبەت وەزارەتی کشتوکاڵ، زۆرجار چ پەین یان بنەتۆو یان هەر پێویستییەکی تری کشتوکاڵی دێتە هەرێم بێ ئەوەی بەفلتەری سەنتەرە توێژینەوەکان تێپەڕێت بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە چەندین بنەتۆوی دانەوێڵە بەکارهێنراوە لەلایەن جوتیاران بێئەوەی لەڕوی جۆریەتیو برشتی بنەتۆوەکە نەزانراوە یان بەرگری بۆ نەخۆشیو کەم ئاوی، بەکورتی بەچەند خاڵێک دەتوانین ئامانجە ستراتیجیەکانی توێژینەوە کشتوکاڵیەکان بخەینەڕوو:

١- بەدەستهێنانی جۆری تازە لەبەروبومی کشتوکاڵی.

٢- دابینکردنی جۆرێک لە بنەتۆوی کوالێتی بەرز چ لەڕووی جۆرایەتی یان چەندایەتی.

٣- دۆزینەوەی جۆرێک لەبنەتۆو بەرگەی کەم ئاویو ئافتە کشتوکاڵییەکان بگرێت.

٤- ڕەچاوکردنی دەسگیرۆکردنی لەبەکارهێنانی ئەو پێداویستیانەی بەکاردێت لەپرۆسەی چاندن وەکو ئاوو پەینو مادەی قڕکەر.

٥- پارێزگاری لەنەژادە ناوخۆییەکانی ئاژەڵان بکرێتو هەوڵی چاککردنی جۆرەکانیان بدرێت.

٦- هەوڵی بەرزکردنەوەی توانای زانستی توێژەران بدرێت بەمەبەستی پێشخستنی ئامرازی وەبەرهێنان.

٧- هەوڵ بدرێت ڕێگەی گونجاو بدۆزرێتەوە بۆ لەناوبردنی نەخۆشیەکانو ڕێگەگرتن لەبڵاوبونەبونەوەیان بە بەکارهێنانی چارەسەر کردنی سروستی بۆ نەخۆشیەکان لەوانە ڕێگای Bio protiect.

٨- هاندانی بۆ پەیڕەوکردنی کشتوکاڵی ئۆرگانی.

- گەیاندنی زانستو زانیارە ئەرینیەکان بۆ ناو جوتیاران بەمەبەستی زیاد کردنی بەرهەمو بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیارییان.

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەی کشتوکاڵی:

١- دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کیشە گەورەو مامناوەندیەکانی چاندن.

٢- بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانو باش کردنەوەی کواڵێتی بەشێوەیەک بتوانرێت بگاتە ئاستی دابینکردنی ئاسایشی خۆراک بەگرتنەبەری جۆری چاندنی بەردەوام. (الزراعة المستدامة).

٣- پارێزگاری کردن لەسەرچاوە سروشتیەکانو نەژادی ئاژەڵە خۆماڵییەکانو پەرەپێدانیان.

٤- پارێزگاری لەژینگەی بەرهەمهینانو بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی ئابوری (جدوی الاقتصادي).

گرنگی توێژینەوەی کشتوکاڵی:

١-دانانی ڕێوشوێنێکی هەمەلایەنە بۆ توێژینەوە زانستیە کشتوکاڵییەکان.

٢- دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە کشتوکاڵییەکان کە دەبنە مایەی ڕیگری لەپیشخستنی بەرهەمهێنان.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەی کشتوکاڵی لەهەموو بوارە جیاجیاکانو جەختکردن لەسەر جۆری پراکتیکیەکەی ئەوەی ڕاستەوخۆی کاریگەری هەیە لەسەر باشکردنی بەرهەمو زیادکردنیو دابەزاندنی تێچونی بەرهەمو نۆژەن کردنی سەرچاوە سروشتییەکانی پرۆسەی چاندن.

٤- کردنەوەی خولی زانستی بەمەبەستی ڕاهینانی کادرەکانی ئەم بوارە لەڕوی تیۆریو پڕاکتیکییەوە.

٥- سازدانی کۆڕو سمیناری زانستیو ئەنجامدانی وۆرکشۆپی تایبەت.

٦- دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم ناوەندە زانستیو توێژینەوەکان بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی زانیاریو سازدانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی.

٧- دروستکردنی پەیوەندی پتەو لەگەڵ ڕێنمایی کشتوکاڵی بەمەبەستی گەیاندنی ئەنجامی توێژینەوەکان بۆ جوتیاران.

٨- ئەنجامی توێژینەوەکان بەشێوەی بڵاوکراوەی باوەڕپێکراو چاپ بکرێت.

ماوە بڵێین ئەوەی کە باسمان کردن توێژینەوەی زانستی بەگشتی گرنگی گەورەی هەیە لەگەیاندنی کۆمەڵگا بەئاستێکی بەرز لەخۆشگوزەرانی، بەتایبەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی هەژاریو دابین کردنی هەلی کارو لابردنی هەموو کۆسپو تەگەرەکانی ڕێی گەشەپێدانی ئابوری وڵات بەگشتیو کەرتی کشتوکاڵ بەتایبەتو دابینکردنی ئاسایشی خۆراکو مسۆگەرکردنی بژێوی ژیانی هاوڵاتیو دابینکردنی سەربەخۆیی ئابوریو پشتبەستن بە بەرهەمی ناوخۆ کە جۆرێک لەئارامیو دڵنیایی لەوڵات دەستەبەردەکات، بەشێوەیەک تا ڕادەیەکی باش هاوڵاتی زیاتر ئینتمای بۆ وڵاتەکەی دەبێت، لێرەوە ڕووی دەمی خۆمان ئاڕاستەی حکومەت دەکەین تەنها توێژینەوەو لێکۆڵینەوە زانستیەکانە دەبێتە مایەی مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی گەش بۆ گەلەکەمانو وڵات دەخاتە سەر ڕێچکەی پێشکەوتنی زانستی کە ئاکامەکەی دەبێتە بوژانەوەی ژێرخانی ئابوری وڵاتو دابین کردنی ئاسایشی خۆراک کە یەکێکە لەکۆڵەکەکانی ئاسایشی نەتەوەیمان.

> توێژینەوەی زانستی بەگشتی گرنگی گەورەی هەیە لەگەیاندنی کۆمەڵگا بەئاستێکی بەرز لەخۆشگوزەرانی، بەتایبەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی هەژاریو دابین کردنی هەلی کار



دلاوەر عەلی سۆفی

## کرێی کارو کرێکار

ئەگەر بەوردی لەدەستەواژەکە ورد ببینەوە ئەوا ئەبینین کە مانایەکی گەورەمان ئەداتی، واتە ئەو کرێیەی لەبەرامبەر ئەنجامدانی کارێکدا ئەدرێت، ئەو کارەش بەهێزی بازوی کەسێ ئەنجام ئەدرێ ئیتر بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەک بێت یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەک بێت، کەواتە کرێ ئەبێتە بەهایەک کە بەبڕێک پارە دیاری ئەکرێت.

من لێرەدا ویستم ئەوە نیە کە ئەم بابەتە ببستمەوە بەهیچ فەلسەفەیەکی ئابوری یان کۆمەڵایەتیەوە، بەڵام ئەوەی ئەمەوێ بیخەمە بەرچاو ئەوەیە لەهەرێم دیاردەیەک خەریکە سەرهەڵئەدا، دوور لەهەموو بەها مرۆییەکان، ئەویش کارکردنی زیادەیە بەکرێکار بەبێ هیچ بەرامبەرێک، کەواتە ئەمە ئەرکی وەزارەتێکە کە ئەبێ چاوی لێنەپۆشێ، لەزۆرینەی ئەو وڵاتانەدا کە سیستمی حوکمڕانی تیایاندا سەرمایەدارییە کاتەکانی کارکردنی کارگەکان هەشت کاتژمێرەوهەندێکجار نیو کاتژمێر یان کاتژمێرێک زیاد ئەکرێت بۆ پشوویەکی کورت یان نان خواردن، کەواتە لەدوای هەشت کاتژمێرەوە مەرجە خاوەنکار بۆ هەر کاتژمێرێکی کار کردن کرێی زیادە بۆ کرێکار زیاد بکات، بەهەمان نرخی کاتژمێرەکانی کارکردنی ئاسایی دوو هێندەش بۆ ڕۆژانی پشوو بۆنەکان، دیسانەوە زۆرێک لەوڵاتەکانی دنیادا بەسیستمی چل کاتژمێر کار بەکرێکار ئەکەن، واتە چل کاتژمێر کارکردن لەهەفتەیەکدا کە پینچ ڕۆژ کارو دوو ڕۆژ پشوە، هەرچەندە بەڕای من کۆمەڵگای کوردی ساغ نەبوەتەوە سەر بەکام قۆناغی مێژووین، ئایا هێشتا کۆمەڵگایەکی جوتیارین؟ یان پیشەسازی؟ سەرباری نەبونی هەلی کارو هاوردەی دەستی کاری بیانی، ئاوارەیەکی زۆر کە هەموویان ئەبنە دەستی کاری هەرزان، بوار بۆ کرێکاری خۆماڵی ناهێڵنەوە کە هەلی کاری دەست بکەوێت.

سەرەڕای هەمو ئەم گرفتانە کاری زیادەی بێ بەرامبەر بەکرێکارو دەستی کاری خۆماڵی بوە بەدیاردەیەک کە گەشتۆتە ئاستی چەوساندنەوە، هەربۆیە جێی خۆیەتی بپرسین ئایا ئەو وەزارەتەمان بۆ ئەو ئەرکە ناگرێتە ئەستۆ، ڕوبەڕو لەگەڵ کرێکاری کارگەو دامەزراوەکاندا دانانیشێو لەئازارەکانیان بکۆڵێتەوە، لەمڕۆدا کرێکارانێک هەن بەتایبەتی ئەوانەی کاتی کارکردنیان ئەکەوێتە شەو، خاوەنکار بێبەزەییانە سەرو دوانزە کاتژمێر کاریان پێئەکات، کە هەندێ جار ئەگاتە شانزە کاتژمێریش، لەهەلومەرجێکی وەک بازاڕی کارکردنی هەرێمدا کە بێکاری تەواو کرێکارانو گەنجانی شەکەت کردوە، کرێکار ناچارە بێدەنگی هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی کارەکەی لەدەستنەدات، کەواتە جێی خۆیەتی ڕوو لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بکەین بڵێین، ئەرکی ئێوەیە بەدواداچون بۆ ئەو پرسە بکەن خۆتان لەچوارچێوە کلاسیکیە دەرباز بکەن کە تەنها لەکاتی دەوامی فەرمیدا پشکنەرەکانتان سەردانی شوێنکاری کرێکاران ئەکەن.

هەروەها پێویستە زۆرێک لەیاساو ڕێنماییەکانتان کە لەدەسەڵاتی وەزارەتە بەڕێزەکەتاندایە بگۆڕن، ئەوانەش کە لەدەسەڵاتی وەزارەتەکەتاندا نییە بەڕاوێژو لێکۆڵینەوەی زانستی بیکەنە پرۆژەو هاوتای بکەنەوە بەیاسای وڵاتە پێشکەوتوەکان، ئەوسا پێشکەشی پەرلەمانی بکەن تا ببێتە یاسا مافی کرێکارانی تیا پارێزراو بێت، تا چەوساندنەوە نەبێتە دیاردە، بەو هیوایەی پێشنیارەکەمان ببێتە جێگەی سەرنجی لایەنی پەیوەندیدارو کاری جدی لەسەر بکرێت.

خاوەنی ئیمتیاز
ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی

سەرنوسەر
ئاراس عەبدولکەریم مەعروف

جێگری سەرنوسەر
دلاوەر عەلی سۆفی

بەڕێوەبەری نووسین
یاسین ڕەحیم فەرەج

سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی
سەردار محەمەد

دیزاین
عادل عومەر

# ئەحەی گوڵە ٧٠ ساڵە جگەرچییە

## "هیچ شتێک لەم دنیایەدا بەئەندازەی سلێمانی لام خۆشەویست نیە"

ئا: ڕێژەن سەردار

**ئەحەی گوڵە بووە بەیەکێک لەبراندە دیارەکانی شاری سلێمانی، کە سەرەڕای هەڵکشانی تەمەنی هێشتا ڕۆژانە وەک نمونەی پیاوێکی جوامێر خەریکی کارو کاسپییەو لەهەوڵو کۆشش ناکەوێو هەموو ڕۆژێک لەدوکانەکەیدا ئامادە دەبێو کار دەکات، ئەو دەڵێت "من لەساڵی ١٩٤٩وە کە عێراق پاشایەتی بوو سەرقاڵی کارکردنمو تاکو ئێستا بەردەوامم، هیچ شتێکیش لەم دنیایەدا بەئەندازەی سلێمانی لام خۆشەویست نیە".**



بینینی ئەحەی گوڵە بەو تەمەنەوە کە لەکارو کۆششە ئەو مرۆڤە ئازاو جوانانەت بیر دەخاتەوە کە لەزۆرێک لەولاتاندا بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان جوانترو پێشکەوتووترو لەگەشە نەکەوێ، شەوو ڕۆژ دەخەنە سەر یەکو ڕەنج ئەدەنو ماندوو نابن، ئەحەی گوڵە کە تەمەنی بەرەو ٩٠ ساڵی دەچێت بەرۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند "سەرەتای کارەکەم وەک شاگرد لەلای بابەخولەی جگەرچیو حاجی حەمەسور بوە ڕۆژی بە چوار عانە خەریکی ئەو ئیشە بوم تا ڕۆژانەکەم بووە سەد فلس، دوای چەند ساڵێک کە دەستم چەقۆی گرت وازم لەشاگردی هێنا، سەرەتا کەپرم داناو جگەرچێتیم کردو دواتر کردم بەدوکان، دواتر چەند دوکانێکم گۆڕی، بەڵام لەساڵی ١٩٦٥وە لەم شوێنەی ئێستادا کار دەکەمو بەردەوامم لەکارەکەمو تا دەمرم بەردەوام دەبم".

ئەحەی گوڵە کە بەسەرقافڵەی جگەرچییەکانی سلێمانی ناوزەند دەکرێت، لەبارەی نازناوی گوڵە، وتی "ئێمە منداڵ بووین دایکم نانی ماڵانی دەکرد، دایکم ناوی گوڵە بوە، یەکێک وتویەتی ئەحەی گوڵەم بۆ بانگ بکەن، نازناوەکە لەوەوە بەسەرماندا براوە، کچەزاو کوڕەزاکان هەر بەناوی ئەحەی گوڵەو ڕەشەی گوڵەو عەبەی گوڵەوە بانگمان دەکەن، ئەگەر نەڵێن گوڵە وەڵامیان نادەینەوە".

وتیشی "لەڕێگای پیشەی جگەرچیەتییەوەو بەرەنجو ئارەقەی ناوچەوانم منداڵەکانم پێگەیاندووەو کردومن بەخاوەنی بڕوانامەی بەرزو پێگەی خۆیان، لەم کارەم پەشیمان نیم، بە جۆرێک ئەگەر لەبەر قسەی خەڵکی نەبێت جێگای خەوم دەهێنمە دوکانەکەم بەو شێوەیە خۆشم دەوێت، بەمنداڵەکانم وتوە تامن زیندو بم دەبێت ئەم دوکانە هەبێت، کە من نەمام کەیفی خۆتانە".

ئەحەی گوڵە ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ کاتێک خەریکی کاسبی دەبێتو دوور دەکەوێتەوە لەحیزبایەتی ژیانێکی ئارامو پڕ لە شانازی بەرێدەکاتو هەموو کەسێکیش حەز دەکات شارەکەی لەماڵەکەی خۆشترو جوانتر بێت، ئەو وتی "کە یەکێک کارێکی باشو پڕۆژەیەکی بەسوود لەسلێمانی بکات واهەست ئەکەم بۆ منی دەکات ئەوەندە پێمخۆشە، هیچ شتێک لەم دنیایەدا بەقەد سلێمانی لام خۆشەویست نیە".

وتیشی "داواکارم لەبەرپرسان خزمەتی زیاتری ئەم شارە بکەنو لەخەمی خزمەتگوزاریدا بن بۆ سلێمانی، من لەناخەوە ئازار دەچێژم کە دەبینم ڕۆژ بەڕۆژ سلێمانی بەرەو دواوە هەنگاو دەنێتو بارودۆخی خراپتر دەبێت، بەڕاستی سلێمانی شایستەی خزمەتی زیاترە".

ریکلام




ریکلام

